# ڕێکخستن و گەرەنتیکردنی بنەما سزاییەکان لە دەستوری وڵاتاندا

**حەسەن مستەفا حوسێن**[1]

[1] فاکەڵتیی یاسا و زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن، زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ ناساندن و خستنەڕوی بنەماو ڕێسا سزاییەکان لە دەستوری وڵاتاندا، لەنێویشیاندا دەستورە مەدەنییەکانی هەندێ وڵاتانی ئەوروپی و عەرەبی، هەروەها خستنەڕوی بەڵگەو و بەهاو هێزی یاسایي ئەو ڕێساو بنەمایانەو مەودای پابەندبوونی یاسادانەر لە دانانی یاساکان و پابەندبونی دادوەری دادگا سزاییەکان بە جێبەجێکردنی ئەم ڕێسایانە. ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیە سود وەرگرتنە لە شێوازی داڕشتن و ڕێکخستن و گەرەنتیکردنی ئەم بنەمایانە لە دەستوری وڵاتان و لە پێناو داڕشتنی دەستورێکی مەدەنی بۆ هەرێمی کوردستان.

**کلیلی وشەکان:** دەستور، بنەما سزاییەکانی دەستوریی، هەرێمی کوردستان، ئازادی، ماف

## 1. پێشەکی

دەستور وەك باڵاترین دەق و تێکستی یاسایي لە هەرەمی دەوڵەتدا، وێڕای ئەرکی سەرەکی لە دیاریکردنی جۆری سیستەمی سیاسی و فۆرمەڵەکردنی پسپۆرییەتی دەسەڵاتەکانی (یاسادانان ، جێبەجێکردن، دادوەری) و سەربەخۆبونی هەریەکیان‌و جیابونەوەیان لەیەکتری و چۆنیەتی دەستاودەستکردنی دەسەڵات، هاوکات دەستنیشانکردن و خستنەڕوی بنەما سزاییەکان لە دەقەکانی دەستوردا، بە یەکێك لە گرەنتییە گرنگەکانی پاراستنی ماف و ئازادییەکانی تاك و هێنانەدی دادپەروەری دادەنرێت.

لە دەقە دەستورییەکانی وڵاتاندا، یاسادانەری دەستوری کۆمەڵێك بنەما و ڕێسای سزايي بابەتی و ڕێککاری (مبادئ جزائية الموضوعية والاجرائية) دەقنوس دەکات، لەوانە: بنەمای شەرعیەتی تاوان و سزا (مبدأ لاجريمة ولا عقوبة الا بنص)، بنەمای کەسییەتی سزا (مبدأ شخصية العقوبة)، بنەمای بێتاوانی تۆمەتبار (المتهم بريء حتى تثبت إدانته في محاكمة قانونية عادلة)، بنەمای ڕێگەگرتن لە دوبارە دادگایکردنی تاوانبار لەسەر یەك کردار (مبدأ عدم جواز محاكمة الشخص مرتين عن الفعل الواحد)، بنەمای پارێزگاریکردن لە ئازادییە کەسییەکان و پاراستنی مافی ژیانی تایبەتی (مبدأ حماية الحرية الشخصية والحق في الحياة الخاصة) هەروەها بنەماکانی پەیوەست بە پرۆسەی دادگایکردنی وەك مافی بەرگریکردن و دابینکردنی پارێزەر (مبدأ حق الدفاع واستعانة بمحام)... هتد. ئەم بنەماو ڕێسایانە پەیوەستن بە ماف و ئازادییە گشتییەکان و گەرەنتیکردنیان دەبێتە هۆی پاراستنی مافی تاك و شەرعیەتدان بە یاسا سزاییەکان و هێنانەدی دادپەروەری. ئەگەر بێتو ئەم ڕێساو بنەمایانە لە دەستور زامن بکرێن، ئەوا هەم دەبێتە بەربەست لەبەردەم دەسەڵاتی یاسادانان بەوەی یاسایەکی پێچەوانەوەی بنەماو ڕێساکانی دەستوریی دەربکات، هەمیش دادگا سزاییەکان ناتوانن حوکم و بڕیاری دژیەك لەگەڵ ئەم بنەمایانە دەربکەن، چونکە دادگای دەستوری لە ڕێگەی چاودێریکردنی دەستوریبونی یاساکان، ئەم یاسایانە هەڵدەوەشێنێتەوە، کە پێچەوانەی بنەما دەستورییەکانن، لە هەمان کاتیشدا تاکەکان دەتوانن تانە لە حوکم و بڕیاری دادگا سزاییەکان بدەن کە پێچەوانەی بنەماو ڕێساکانی دەستورن، بە تایبەت ئەگەر دەستوری وڵاتەکە بە سیستەمی داوای تێکەڵاو (هەڵوەشاندەوەی یاساو ڕێنماییە نادەستورییەکان و تانەلێدان لە یاساو حوکمەکانی پێچەوانەی دەستور - المزج مابين الدعوى الغاء والدعوى طعن بعدم دستورية القوانين)ی وەرگرتبێت.

گرنگی توێژینەوە: گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە خستنەڕووی لایەنێکی گرنگی دەستور کە بریتییە لەو بنەماو ڕێسایانەی کە ڕەگەزی سزايي لەخۆ دەگرن، چونکە ئەم بنەمایانە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە پاراستنی ماف و ئازادییە گشتییەکانەوە هەیە. هەروەها خستنەڕوی هەڵوێستی دەستوری وڵاتان لەبارەی ڕێکسختن و گەرەنتیکردنی ئەم بنەمایانە گرنگی تایبەتی هەیە، کە لەڕێگەی ئەزمونی وڵاتان دەستورێکی مەدەنی هاوچەرخ و هاوکۆك لەگەڵ پرەنسیپەکانی

---

دووەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتیی بەشی قانون، فاکەڵتیی زانستی مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، زانکۆی کۆیە لە ژێر ناونیشان: بەرەو دەستوورێکی هاوچەرخ بۆ کوردستان – عێراق © ٢٠١٩
27-28 تشرینی دووەم 2019
ئیمەیلی توێژەری یەکەم: hassan.mustafa@soran.edu.iq
مافی لەبەرگکردنەوە و بڵاوکردنەوە © 2019 ناوی توێژەران: م. حەسەن مستەفا حوسێن

Original Article | http://dx.doi.org/10.14500/tmc2019.Mrr222

مافەکانی مرۆڤدا دابڕێژین.

کێشەی توێژینەوە: کێشەی توێژینەوە بریتییە لە وەڵامدانەوەی کۆمەڵێک پرسیاری ناڕون سەبارەت بە بنەماو ڕێسا سزاییەکانی دەستوری، لەوانە:

بنەماو ڕێسا سزاییەکان کامانەن؟ حیکمەت لە ڕێکخستن و گەرەنتیکردنیان لە دەستورەکاندا بۆچی دەگەڕێتەوە؟

بەهاو هێزی یاسایی ئەم بنەمایانە چۆنە، ئایا یاسادانەران دەتوانن یاساییەک دەربکەن پێچەوانەی ئەم بنەمایانە، یاخود ئەگەر دادوەرێکی دادگا سزاییەکان حوکم یاخود بڕیارێکی سزاییان پێچەوانەی ئەم بنەمایانە دەرکرد، ئەوا چ لێکەوتەکی قانوونی لێدەکەوێتەوە؟

دەستوری وڵاتان چۆن و بە چ شێوەیەك ئەم بنەماو ڕێسایانەیان دەقنوس کردووە، چۆن دەتوانین سود لە ئەزموونی ئەم وڵاتانە وەربگرین بۆ دارشتنی دەستورێکی مەدەنی بۆ هەرێمی کوردستان.

میتۆدی توێژینەوە: بۆ نوسینی ئەم توێژینەوە، میتۆدەکانی "ڕاڤەو شرۆڤەی یاسایی (legal explanation) بەکارهاتووە کە میتۆدێکە بەکاردێت بۆ ڕاڤەکردن و شرۆڤەکردنی بنەماو ئەحکامە یاساییە لێڵ و ناڕونەکان، هەروەها بەشێوەیەکی گشتی میتۆدی بەراوردکاریی (comparative method) بەکارهاتووە بۆ خستنەڕوی هەڵوێستی سیستەمی دەستوری وڵاتان بە ئامانجی سود وەرگرتنی لە ئەزمونیان بۆ دارشتنی بنەما سزاییەکانی دەستوریی لە پێناو ڕێکخستن و ئامادەکردنی دەستورێکی هاوچەرخ و مەدەنی هەرێمی کوردستان.

پلانی توێژینەوە: بەشێوەیەکی گشتی ئەم توێژینەوە دابەشکراوە بۆ دوو بەشی سەرەکی، بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ خستنەڕوی بنەما سزاییە بابەتییەکان لە دەستوری وڵاتان، کە پێکدێن لە بنەماکانی وەك: بنەمای یاسایبوونی تاوان وسزا، بنەمای کەسییەتی سزا، بنەمای دووبارە دادگاینەکردنی تۆمەتبار، بەشی دووەمیش تەرخانکراوە بۆ خستنەڕووی بنەما سزاییە شێوەییەکان لە دەستوردا کە پێکدێن لە: بنەمای بێتاوانی مرۆڤ، بنەمای پاراستنی ئازادییە کەسییەکان، بنەماکانی پەیوەست بە دادگایکرنی دادپەروەرانە، لە کۆتاییشدا دەرەنجام و ڕاسپاردەکان خراونەتەڕو.

**بەشی یەکەم**

**ڕێکخستنی بنەما سزاییە بابەتییەکان لە دەستوری وڵاتاندا**

دەقە یاساییەکان بە تێڕوانینی (جان جاك ڕۆسۆ) ڕەنگدانەوەی ئیرادەی گشتی و ئەو پەیمانە کۆمەڵایەتییە کە لە نێوان گەل و دەسەڵاتدا دێنەکایەوە، کاتێك گەل بەشێك لە دەسەڵاتەکانی دەبەخشێت بە دەسەڵاتداران و لەبەرامبەریشدا دەسەڵات گەرەنتی پاراستنی ماف و ئازادییە گشتییەکانی گەل لە ئەستۆ دەگرێت. (روسو، 2011). هەروەها دەسەڵات لەڕێگەی شەرعیەتی گەلەوە سیستەمی سیاسی و یاسایی دەوڵەت ڕێکدەخات و لەڕێگەی یاسا سزاییەکانەوە کرداری تاوانی و سزاکانیان دیاری دەکات، بەڵام بە جۆرێك نابێت ئەم شەرعیەتدانە بە دەسەڵات لە دیاریکردنی تاوان و سزا ببێتە هۆکارێك بۆ پێشێلکردنی ماف و ئازادییە گشتییەکان، چونکە لە بنەڕەتدا ماف و ئازادییە گشتییەکان بە بنەماکانی باڵاتر لە دەستور (مبادئ فوق الدستور) هەژمار دەکرێن و هێزی یاساییان لە یاسای سروشتی وەردەگرن، بنەما و ڕێسا سزاییەکانی دەستوریش بە بەشێك لە ماف و ئازادییە گشتیەکان دادەنرێن (جبلی، 2016).

بەهۆی بونی ئەم پەیوەندییە بەهێزە لە نێوان دەستور و یاسا سزاییەکان، فوقەهەکانی بواری یاسای گشتی لێکۆڵینەوەیان لەبارەی گرنگی و ڕەنگدانەوەی بنەما سزاییەکان لە دەقە دەستورییەکاندا کردووەو یاسای دەستوری سزایی وەك لقێکی سەربەخۆ لە لقەکانی یاسای گشتیان هەژمارکردووە، کە ئامانجەکەی بریتییە پارێزگاریکردن لە ماف و ئازادیی و بەرژەوەندییە گشتییەکان (حسني، 1992). دەستوری زۆربەی وڵاتان، جگە لە بنەما دەستورییەکانی وەك (بنەمای شکۆی دەستوور، بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، بنەمای سەروەری و سیادەی وڵات...هتد)، چەندین بنەمای سزایی بابەتی و شێوەییان ڕێکخستووە، چونکە بنەما سزاییەکانی دەستوریی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە پاراستنی ماف و ئازادییە گشتییەکانەوە هەیە، لە گرنگترین ئەو بنەمایانەش بریتین لە (بنەمای یاساییوونی تاوان و سزا)، (بنەمای کەسییەتی سزا)، (بنەمای دوبارە دادگایی نەکردنی کەسەکان)، لەم باسەی توێژینەوە تیشك دەخینەسەر چەمك و پێناسەی هەریەکە لەم بنەمایانە و چۆنیەتی ڕێکخستنییان لە دەستوری وڵاتاندا.

**باسی یەکەم**

**بنەمای یاسایبونی تاوان و سزا**

**(مبدأ قانونية الجرائم و العقوبات)**

بنەمای شەرعیەتی قانونی جینائی یاخود یاسایبونی تاوان و سزا، یەکێکە لە بنەما یاساییە گرنگەکانی فکرو فەلسەفەی یاسایی، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ماف و ئازادی تاکەوە هەیە، بۆیە بە درێژایی مێژوویی مرۆڤایەتی، پرسی دیاریکردنی کرداری تاوان و سزاکانیان یەکێك بووە لە بابەتە جەدەلییەکانی نێوان گەل و حوکمڕانان.

**تەوەری یەکەم: ناساندنی بنەمای یاسایبوونی تاوان و سزا**

لە زانستی سزاییدا، ئەم بنەمایە بە دەربڕینی جیاواز گوزارشتی لێدەکرێت، لە زۆرێك لە دەستوری وڵاتان ئەم بنەمایە بەم شێوەو دەربڕینی جیاواز دەخەنەڕو کە دەلالەت لە حەصرکردنی پرۆسەی دیاریکردنی تاوان و سزا بکات، تەنها لەڕێگەی دەقی یاسایی بەرکارەوە (مصطفی، 1967).

واتە مەبەست لە بنەمای بە یاسایکردنی تاوان و سزاکان، بریتییە لە پێدانی دەسەڵات بەشێوەیەکی دیاریکراو تەنها بە دەسەڵاتی یاسادانان بۆ دەرکردنی ئەو یاساییانەی کە کردارە تاوانییەکان و سزاکان لە خۆ دەگرن.

پێش هاتنەکایەوەی ئەم بنەمایانە، پرۆسەی دیاریکردنی تاوان و سزا بە دەستی دادوەرەکان بوو، کە بە گوێرەی دیدو دەسەڵاتی خۆی کێشەکانی لێك دەدایەوە و هەر کاتێك ویستبای لەلای خۆیەوە بڕیاری دەردەکرد، لە ئاکامی ئەوەش مرۆڤ کەوتبووە ژێر سۆزی دەسەڵاتی دادگاییکردن و نەیدەزانی چ کردەوەیەکی لێ قەدەغەکراوە و چ بڕیارێك بە سەریدا جێبەجێ دەکرێت ئەگەر سەرپێچییەکی ئەنجام بدات (الخلف ، الشاوی، 2006).

ڕێکخستن و گەرەنتیکردنی بنەمای یاسایبونی تاوان و سزا لە دیکیۆمێنتە یاساییەکان ڕیشەیەکی مێژوویی هەیە، بە گەڕانەوە بۆ ڕەوتی مێژوی دەقەکانی (پەیمانی مەزن – Magna Charta) ی ساڵی 1215 دەبینین کە گەرەنتی پاراستنی هەندێ ماف و ئازادی گشتی تیایدا کرابوو. بەڵام لە گرنگترین هەوڵە مێژووییەکانی گەرەنتیکردنی بنەما سزاییەکان لە دەقە یاسایی و دەستورییەکاندا، بریتییە لە

جارنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتیبونی فەرەنسی کە لە 26 ی ئابی 1789 ڕاگەیاندرا و تیایدا بنەما سزاییەکان وەك بەشێك لە ماف و ئازادییە گشتییەکان و پاراستنی شکۆ و سەروەری یاسایی دەقنوسکران، ئەم جارنامەیە بە یەکێك لە گرنگترین دەستکەوتی یاسایی و مێژوویی فەرەنسا دادەنرێت، چونکە پێش دەرچوونی ئەم جارنامەیە، پاشاکانی فەرەنسا لە سەدەی هەژدەهەمدا بەجۆرێك هەڵسوکەوتیان دەکرد، وەك ئەوەی دەسەڵاتیان لە خوداوە وەرگرتبێت و نوێنەری خودا بن لەسەر زەوی، بۆیە پاشاکان خۆیان سەرچاوەی سەرەکی دانان و جێبەجێکردنی هەموو ڕێساو یاساییەك بوون، بەهۆی ئەم دۆخە سیاسییەی فەرەنسا، دۆخی یاساو دادگاکان لە بارێکی خراپدابو، مافی یەکسانی و دادگەری دادپەروەرانە بوونی نەبوو، تاکەکان بەپێی فەرمانی دادگا و لەرێگەی نامە مۆرکراوەکان (Letteres de Cachet) دەستگیر دەکران، ئەم نامانە بریتیبوون لە فەرمانێکی شاهانە، هەر کەسێ دانەیەك لەم نامانەی دەستکەوتایە، دەیتوانی هەر کەسێکی بیویستبا بەبێ هیچ لێکۆڵینەوەو دادگایکردنەوە دەستگیری بکات و بیخاتە بەندیخانە، هەروەها نەبونی یاسا بۆ دیاریکردنی تاوان و سزا، پێشێلکردنی بنەمای بێتاوانی مرۆڤ، دەستێوەردان لە کاروباری دادگا...هتد. هەموو ئەمانە بونە هۆی بەرپابوونی شۆرشی فەرەنسی ساڵی 1789، یەکێك لە دەستکەوتە هەرە گرنگەکانی شۆرشی فەرەنسیش بریتیبو لە ڕاگەیاندنی جارنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتیبون لە 26 ی ئابی 1789 کە بە سود وەرگرتن لە دیدو تێڕوانینەکانی فەیلووسوفانی بزوتنەوەی ڕۆشنگەری وەك (مۆنستکیۆ، جان جاك ڕۆسۆ، ڤۆلتێر) چەند بنەماو پرەنسیپێکی سزایی لە جارنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتیبون دەقنوسکران (قانع، 2009). هەروەها بیرمەندی ئیتالی بواری یاسای سزایی (سیزاری بیکاریا Becaria ) خاوەنی پەرتوکی ( الجرائم و العقوبات- Perines Des Delits Et Des ) کە ساڵی 1764 لە شاری میلانو بڵاوکردەوە و لە سەرانسەری ئەوروپا دەنگی دایەوە و کاریگەری گەورەی هەبوو لە سەر ئەو پرەنسیپ و بنەمایانەی کە بیریارانی شۆرشی فەرەنسی لە بواری یاسای سزاکان دایانهێنان (Harcourt, 2013).

## تەوەری دووەم: حیکمەت لە گەرەنتیکردنی بنەمای یاساییوونی تاوان و سزا لە دەستوردا

حیکمەت لە گەرەنتیکردنی بنەمایەی شەرعیەتی تاوان و سزا لە دەستوری وڵاتاندا بۆ چەند خاڵێك دەگەڕێتەوە:

1- هەژمارکردنی بنەمای تاوان و سزا بە ڕێسای دەستوری شکۆ و سەروەریی زیاتر دەدات بە بنەمایەکە، چونکە ڕێسا دەستوریەکان شکۆی بابەتی و شێوەییان هەیە و لەسەرووی یاساکانی ترن، بۆیە نابێت هیچ یاساو ڕێنمایەك پێچەوانەی دەق و بنەماکانی دەستوری دەر بکرێن.

2- ئامانجی سەرەکی بنەمای بە یاساکردنی تاوان و سزاکان، بریتییە لە دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییە گشتییەکان، چونکە ئەگەر کاری بە تاوانکردن بە دەستی دادوەر بایە، هەروەك لە سایەی سیستەمەکانی پێشوودا وابووە، خەڵکی لە بەر دوودڵیان لە کارەکانیان دەبوونە قوربانی، چونکە نەیاندەزانی چ کردەوەیەك ڕێگە پێدراوە و چ کردەوەیەك قەدەغەیە، بەمەش جارێك لە بەر ترس یان هۆشیاربوون جارێکیش لە ترسی ئەگەری نارەوایی و زۆرداری دادوەر ئازادی و چالاکییەکانیان لە کار دەکەوتن. ئەو بنەمایە دادپەروەری و ژیری (مەنتق)ی تیادایە، دادپەروەری و ژیری ئەوەیە کە مرۆڤ لە پێشدا بزانێت چ کردەوەیەك قەدەغەکراوە لیی تاکو خۆی لێ بە دووربگرێت، بە جۆرێك لە پێشدا تاکەکان ئاگادار بکرێنەوە کە ئەگەر یەك لەو کردەوانە یان یەك لەو ڕەفتارە دیاریکراوانەیان ئەنجامدا، ئەوا ڕووبەڕووی ئەو سزایە دەبنەوە. ئەو بنەمایە بەرژەوەندی گشتیش لەخۆدەگرێت، چونکە دەبێتە هۆی دەستەبەرکردنی یەکبوونی دادگاکانی تاوانی و نەهێشتنی جیاوازی لە نێوان دادگاکان (VABRES, 1947).

3- گەرەنتیکردنی بنەمای یاساییوونی تاوان و سزا دەبێتە گەرەنتییەك بۆ جێبەجێکردنی پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، چونکە دەسەڵاتی تەشریع و دەرکردنی یاساکان دەبەخشێتە دەسەڵاتی یاسادانان و بەمەش ڕێگە دەگرێت لە دەسەڵاتی دادوەری و جێبەجێکردن کە یاساییەك دەربکەن و کردارە تاوانییەکان و سزاکان دەست نیشان بکەن.

4- دەقنووسکردنی بنەمای شەرعیەتی تاوان و سزا دەبێتە گەرەنتی بۆ بەدیهێنانی عەدالەت و یەکخستنی دەقە سزاییەکان و سەروەربوونی یاسا، چونکە بەهۆی یەکبوون و دیاریکردنی کرداری تاوان و سزاکان، بنەمای یەکسانی دێتەدی و دەقە سزاییەکان بە یەکسانی لەسەر گشت تاکێکی کۆمەڵگە جێبەجێ دەکرێت (الشافی 2010).

## تەوەری سێیەم: ڕەنگدانەوەی بنەمای یاساییوونی تاوان و سزا لە دەقە دەستورییەکانی وڵاتاندا

زۆربەی دەستوری وڵاتان بنەمای یاساییوونی تاوان و سزا بە بنەمایەکی دەستوری گرنگی پاراستنی ماف و ئازادییە گشتییەکان هەژمار دەکەن، بۆیە لە بنەماکانی پەیوەست بە ماف و ئازادییەکان بە ڕاشکاوانە دەقیان لەسەر ئەم بنەمایە کردووە، لەوانە دەستوری فەرەنسی ساڵی 1789 و دواین هەمواری ساڵی 2008.

دەستووری فەرەنسی لە دیباجەی دەستوری ساڵی 1958 و دواین هەمواری ساڵی 2008 دا بەڕوونی ئاماژەی بەوە کردووە کە گەلی فەرەنسی پابەندبوونی خۆیان بە جارنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتیبوون و بنەمای سەروەری گەل دووپاتدەکەنەوە، لە ماددەی 7 و 8 جارنامەکە بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە دەقی لەسەر بنەمای شەرعیەتی تاوان و سزا کردووە، لە ماددەی (7) دا هاتووە: (ڕێگە پێدراو نیە هیچ کەسێك تۆمەتبار بکرێت یاخود دەستگیر بکرێت یاخود بەندکرد بکرێت تەنها لەو حاڵاتانە نەبێت کە یاسا دەقی لەسەر کردووە...). هەروەها لە ماددەی (8)ی جارنامەکەدا هاتووە: (پێویستە تەنها بە قانوون و بە دەقێکی ڕوون و دیاریکراو سزاکان دیاری بکرێن، نابێت هیچ کەسێك سزا بدرێت تەنها بە قانوونێك نەبێت کە پێش ئەنجامدانی تاوان دەرچووبێت و بە شێوەیەکی قانوونی جێبەجێ کرا بێت). دەقەکانی جارنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتیبوونی فەرەنسی بە بەشێکی جیانەکراوە لە دەستوری فەرەنسی هەژمار دەکرێن و هەمان بەهای یاسایی و دەستوری ڕێسا دەستورییەکانی هەیە، تەنانەت هەندێك لە بنەماو ڕێساکانی دیکیۆمێنتی جارنامەی مافەکانی مرۆڤ لەڕووی ڕووکاریی و شێوەییەوە پلەی بەرزتریان هەیە لە هەندێ ڕێسای دەستووری تر و بنەماو ڕێساکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ بە بنەماکانی سەروتر لە دەستوور (مباديء فوق الدستور) دادەنرێن (نجار، عبدالرحمان، 2018).

هەروەها لە ماددەی (34) برگەی (3)ی دەستوردا هاتووە: بە یاسا ئەمانەی

خوارەوە رێکدەخرێن: (دیاریکردنی تاوانی جینایات و کەتن و دیاریکردنی سزاکانیان، رێککارە سزاییەکان و لێبووردن لە تاوان ، دامەزراندنی دەستە دادوەرییەکان و ئەندامە دەسەڵاتی دادوەری). ئەم ماددەیەی دەستور جەخت دەکاتەوە لەسەر بە یاسایکردنی تاوان و سزا لە جۆری جینایات و کەتن کە لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانان بە یاسا رێکدەخرێن.

شێوازی رێکخستن و دەربڕینی بنەمای شەرعیەتی تاوان و سزا لە دەستووری وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە، بۆ نموونە لە دەستووری سویسری ساڵی 1999 و دواین هەمواری ساڵی 2014 لە ماددەی 31 و 31 باسی گەرەنتییەکانی رێککاری دادگایکردن و سنووردانان بۆ ئازادی تاکەکەسی دەکات ( RIGHTS OF PERSONS WITH DISABILITIES) ، بەشێوەیەکی گشتی دەستوورەکە ددانی بە مافی ئازادی ناوەو بەوەی مرۆڤ ئازادە لە ئەنجامدانی هەر کردەوەیەك تەنها لەو حاڵەتانە نەبێت کە یاسا دیاریکردوون، بۆیە لە دەقی ماددەی (31) دا هاتووە: (هیچ کەسێك ئازادی لێ زەوت ناکرێت، تەنها بەو رێگایانە نەبێت کە قانوون دیاری کردبێت). مەبەست لەم دەقە ئەوەیە کە لە ئەصلدا هەموو کردەوەیەکی مرۆڤ موباحە و رێگەپێدراوە، تەنها ئەگەر قانوون بە دەقی راشکاوانەو دیاری کراو کردەوەیەکی بە تاوان هەژمار کردبێت.

هەروەها دەستوری ئیتاڵی ساڵی 1947 و دواین هەمواری ساڵی 2012 بەشێوەیەکی ڕوون باسی بنەمای شەرعیەتی تاوان و سزای کردووە، لە بەشی یەکەمی دەستووردا کە تایبەتە بە ماف و ئەرکەکانی هاوڵاتیان، لە ماددەی (13)ی دەستورەکەدا هاتووە: (ئازادی مرۆڤ ڕێز لێگیراوە و نابێت پێشێل بکرێت، رێگە پێدراو نییە هیچ کەسێك بە شێوازێك دەستبەسەر بکرێت یاخود بپشکینرێت یاخود ئازادی سنووردار بکرێت تەنها بە فەرمانێکی دادوەری نەبێت و لە فەرمانەکەدا هۆکاری سنووردارکردنی ئازادی دیاری کرابێت و لەو حاڵەتانە بێت کە قانوون دەقی لەسەر کردووە، هەروەها دەبێت ماوەی بەندکردن بە دەقی قانوونی دیاری کرابێت). لە ماددەی 25ی دەستووردا بەڕوونی بنەمای شەرعیەتی تاوان و سزا دەخاتەڕوو و لە دەقی ماددەکەدا هاتووە: (نابێت هیچ کەسێك سزا بدرێت تەنها پاڵپشت بە قانوونێك نەبێت کە پێش ئەنجامدانی تاوان چووبێتە بواری جێبەجێکردنەوە، هەروەها نابێت هیچ بەربەستێك بۆ ئازادی تاکەکەسی دابنرێت تەنها بە دەقی قانوونی نەبێت).

لە دەستووری ئیسپانیای ساڵی 1987 و دواین هەمواری ساڵی 2011 گەرەنتی پاراستنی ماف و ئازادییە گشتییەکانی کراوە لە رێگەی بنەمای شەرعیبوونی تاوان و سزا، هەروەك لە ماددەی (25)ی دەستوورەکەدا هاتووە: (نابێت هیچ کەسێك ئیدانە بکرێت یاخود حوکمێکی سزایی یاخود سزای ئیداری بەسەردا بسەپێنرێت ئەگەر پێشتر بە قانوون کردارەکە بەتاوان دانەنرابێت).

بە هەمان شێوە دەستوری ئەڵمانی ساڵی 1949 و دواین هەمواری ساڵی 2014، ماددەی 103 ی تەرخانکردووە بۆ بابەتەکانی پەیوەندیدار بە یاسا سزاییەکان و دادگایکردنی دادپەروەرانە و لە برگەی دووەمی ماددەکەدا هاتووە: (نابێت بڕیاری سزادان لەسەر کردارێك بدرێت تەنها ئەگەر یاسایەك پێش ڕوودانی کردارەکەی بە تاوان هەژمار کردبێت).

سەبارەت بە دەستورەکانی وڵاتانی عەرەبی، دەستووری میصری ساڵی 2014 لە دیباجەکەیدا، دەوڵەتی میصر وەك دەوڵەتێکی دیموکراسی مەدەنی دەناسێنێت کە پابەندە بە پاراستنی شکۆی مرۆڤایەتی و ڕێزگرتن لە بنەماو پرەنسیپەکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ. بەشی سێیەمی دەستووری میصری تەرخانکراوە بۆ گرەنتیکردنی ماف و ئازادییە گشتییەکان و لە نێویشیاندا بنەماو رێسا سزاییەکان. لە ماددەی (94)ی دەستووردا، یاسادانەری دەستووری گەرەنتی رێسایەکی دەستووری بابەتی گرنگ دەکات ئەویش ڕەوایەتیدانە بە تاوان و سزا و ڕێسای کەسییەتی سزا، لە دەقی ماددەکەدا هاتووە: (سزا کەسییە، هیچ کردارك تاوان و نییە هیچ سزایەکیش نییە تەنها لەسەر بنەمای یاسا نەبێت، هیچ سزاییەك دەرناکرێت تەنها بە حوکمی دادگا نەبێت). هەروەها دەستووری ئیماراتی ساڵی 1971 و دواین هەمواری ساڵی 2009 بە دەقێکی دەستووری ڕوون و ئاشکرا پرسی دیاریکردنی تاوان و سزای بە دەسەڵاتی یاسادانان بەخشیوەو لە دەقی ماددەی 27 ی دەستوورەکەدا هاتووە: (یاسا تاوان و سزاکان دیاریدەکات. ئەنجامدان و ئەنجاونەدانی کارێك سزای لەسەر نییە ئەگەر پێشتر یاساییەك بە دەق کردارەکەی بە تاوان دانەنابێت).

سەبارەت بە دەستوری عێراقی ساڵی 2005، هاوشێوەی دەستوری وڵاتان جەختی لەسەر بنەمای شەرعیبوونی تاوان و سزا کردۆتەوە، هەروەك لە ماددەی (19) بڕگەی دووەمدا هاتووە: (هیچ کەسێك تاوانبار ناکرێت و سزا نادرێت تەنها بە دەقی یاسا نەبێت. هیچ کەسێکیش سزا نادرێت تەنها بەو کردەوانە نەبێت کە یاسا بە تاوانی دادەنێت، لەکاتی ئەنجامدانی تاواندا نابێت سزایەك بسەپێنرێت کە توندتر بێت لەو سزایەی کە بۆ ئەو تاوانە دیاریکراوە). واتە بە گوێرەی ئەم ماددەیە نابێت هیچ کردارێك بکرێتە تاوان و سزای بۆ دابنرێت مەگەر بە دەقی قانوونی نەبێت لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانەوە.

دوای خستنەڕووی هەڵویستی دەستوری وڵاتان لەبارەی رێکخستن و گەرەنتیکردنی بنەمای بە قانوونیکردنی تاوان و سزا، پێشنیار دەکەین کە دەقی بنەماکە بەم شێوەیە بۆ دەستوری هەرێمی کوردستان دەقنووس بکرێت: (هیچ کەسێك تۆمەتبار ناکرێت تەنها بە دەقی یاسایی نەبێت، هیچ کردەوەیەك تاوان نییە و هیچ کەسێکیش بەر سزادان ناکەوێت ئەگەر لەکاتی ئەنجامدانیدا کردارەکە بە دەقی یاسایی بەتاوان دانەنرابێت، رێگەپێدراو نییە سزایەکی توندتر لەو سزایەی لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا بەرکارە، بەسەر تۆمەتباردا جێبەجێ بکرێت).

## باسی دووەم
## بنەمای کەسییەتی سزا
## (مبدأ شخصية العقوبة)

یەکێك لە بنەما گرنگەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ کە لە دەقە دەستوریی و یاساییەکاندا رێکخراوە، بریتییە لە بنەمای کەسییەتی سزا. لەم باسەی توێژینەوە تیشك دەخەینە سەر چۆنیەتی رێکخستن و گەرەنتیکردنی ئەم بنەمایە دەکەین لە ڕوانگەی دەقە دەستورییەکانی وڵاتاندا.

### تەوەری یەکەم: ناساندنی بنەمای کەسییەتی سزا

فەلسەفەی دادپەروەری وا دەخوازێت کە تەنها ئەو کەسە سزا بدرێت کە تاوانی ئەنجامداوە، بەبێ ئەوەی کاریگەری تاوان و سزاکەی کەسانی تر بگرێتەوە، بە تایبەتی کەسە نزیکەکانی ناو خێزان و خانەوادە وەك باوك و دایك و خوشك و برا

یاخود میراتگران و...هتد، ئەم دید و روانینەش تەواو پێچەوانەی بیرۆکە کلاسیکییەکانی سزادان بوون کە سزادان کەسانی نزیك لە تاوانبارانی دەگرتەوە، بە گەڕانەوە بۆ رەوتی مێژوویی یاسا، شێوازەکانی سزادانی لەم چەشنە بەرچاو دەکەون (المجالي، 2005).

بنەمای کەسییەتی سزا، ریشەیەکی مێژوویی فەلسەفی و ئاینی هەیە، لە ئاینی ئیسلامدا بە روونی لە قورئاندا هاتووە: (وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ) (سوره الانعام / الآیه 164)، ئەم ئایەتە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە هیچ کەسێك گوناە و تاوانی کەسی تر هەڵناگرێت، بۆیە سزادان کەسییە و تەنها کەسی تاوانبار دووچاری سزا دەبێتەوە(Faroogh.Arif.2018).

**تەوەری دووەم: حیکمەت لە رێکخستن و گەرەنتیکردنی بنەمای کەسییەتی سزا لە دەستوردا**

بنەمای کەسییەتی سزا بە تەواوی پێچەوانەی بیرۆکەی کلاسیکی سزادانی بە کۆمەڵە، بۆیە ئبنەما ئاینییەکان و دادپەروەری کۆمەڵایەتی وا دەخوازێت کە جگە لە کەسی تاوانکار هیچ کەسێکی تر سزا بدرێت کە پەیوەندی بە تاوانەکەوە نەێت.

بوونی ئەم بنەمایە وا دەکات کە کەسە بێ تاوانەکان لە سزادان بپارێزرێن، هەروەها لە کاتی روودانی تاوانێك لەلایەن کەسێك پێویست دەکات شکۆ و کەسایەتی ئەندامانی خێزانە بپارێزرێن، چونکە ئەم بنەمایە دەبێتە گەرەنتییەك بۆ ئەوەی داوای سزایی تەنها لەسەر تۆمەتبار بەرز بکرێتەوە کەسانی وەك دایك و باوك و کەسانی تر نەبنە قوربانی مادام هیچ پاڵنەر یاخود هۆکاری روودانی تاوانەکە نەبووبن.

گەرەنتیکردنی ئەم بنەمایە لە دەستوردا دەبێتە هۆکارێك بۆ رێزگرتن لە پەیماننامەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ، چونکە ئەگەر دادگایەکی سزایی پێچەوانەی ئەم بنەمایە حوکم یاخود بڕیاری سزایی دەرهەق بە کەسێك دەربکات، ئەوا لەرێگەی داوای دەستوری دەتوانرێت تانە لە حوکم و بڕیارەکە بدرێت بەهۆی نادەستورییوونەوە.

**تەوەری سێیەم: رەنگدانەوەی بنەمای کەسییەتی سزا لە دەستوری وڵاتان**

بیرۆکەیەکی بنەمای کەسییەتی سزا بیرۆکەیەکی سەردەمی هاوکۆکە لەگەڵ روحی دادپەروەری و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، بۆیە زۆربەی دەستور وڵاتان بە راشکاوانە وەك گرەنتییەك بۆ ماف و ئازادییەکانی تاك، ئەم بنەمایانە خستۆتە چوارچێوەیەکی دەستوری.

لە ماددەی (27)ی دەستووری ئیتاڵی ساڵی 1947 و دواین هەمواری 2014 دا هاتووە: (بەرپرسیارییەتی سزایی کەسییە و تۆمەتبار نابێتە تاوانبار تاوەکو حوکمی سزایی کۆتایی لەسەر دەردەچێت و نابێت هیچ سزایەك بەسەر تاوانبار بسەپێنرێت کە پێچەوانەی کەرامەتی کرۆڤ بێت، پێویستە ئامانج لەسزا چاککردنی حوکمدراو بێت). بە گوێرەی دەقی ئەم ماددەیە، یاسادانەری دەستوری بە راشکاوانەددانی ناوە بە بنەمای کەسییەتی سزا و ئەم بنەمایەی وەك رێسایەکی دەستوری وملزەم هەژمار کردووە.

لە ماددەی (6) دەستوری سویسری باسی بەرپرسیاریەتی تاکەکەسی و جەماعی دەکات و لە دەقی ماددەکەدا هاتووە: (هەموو کەسێك بەرپرسە لە کردەوەی خۆی ...). بەو مانایەی بەرپرسیارییەتی سزایی بەرپرسیاریەتییەکی کەسییە و تەنها خودی کەسی تاوانبار دووچاری سزا دەبێتەوە.

لە حاڵەتی پێشلکاری ئەم بنەمایانەی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ، ئەوا هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە پەنا بباتە بەر دادگاکان بە تایبەتیش دادگا دەستوورییەکان وەك گەرەنتییەك بۆ گەڕاندنەوەی مافەکانی، هەروەك لە ماددەی 19 برگەی چوارەمی دەستووری ئەڵمانی دەقی لەسەر کردووە.

هەروەها دەستووری ئیسپانی لە بەشی چوارەمدا باسی گەرەنتیکردنی ماف و ئازادیيە بنەرەتییەکان دەکات و لەکاتی سەرپێچیکردنی ئەم بنەمایانە لەلایەن دادگا و دامەزراوەکانی دەوڵەت، ئەوا هاوڵاتی مافی پەنا بردنە بەر دادگا ئاساییە باڵاکان و دادگای دەستووری هەیە، هەروەها لە دەقی برگەی دووەمی ماددەی (53) دا هاتووە: (هەموو هاوڵاتییەك مافی ئەوەی هەیە پەنا بباتە بەر دادگاکان بۆ گەرەنتیکردن و پاراستنی ماف و ئازادییەکان کە لە ماددەی ماددەی 14 و بەشی دووەم دا هاتوون، ئەگەر لە دادگا ئاساییەکان مافی نەدراوە ئەوا مافی ئەوەی هەیە بەرێگەی تەزەلووم پەنا بباتە بەر دادگای دەستووری).

سەبارەت بە دەستوری وڵاتانی عەرەبی، هەریەکە لە دەستوری میصری ساڵی 2014 و دەستوری ئیماراتی ساڵی 1971 و دواین هەمواری 2009 و دەستوری قەتەری ساڵی 2004 بنەمای کەسییەتی سزایان دەقنووس کردووە وەکو گەرەنتییەك بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ،

هەروەك لە لە ماددەی (95)ی دەستوری میصری و ماددەی (28)ی دەستوری ئیماراتی هاتووە: (سزا کەسییە "العقوبة الشخصية"...)، هەروەها لە دەستووری قەتەری ساڵی 2004 دا بەروونی جەخت لەسەر گەرەنتیکردنی بنەمای کەسییەتی بەرپرسیاریەتی سزایی وەك مافێك لە مافەکانی تاك کردووە، هەروەك لە ماددەی (40)دا دەقی لەسەر هەر دوو بنەمای شەرعیەتی تاوان و سزا و بنەمای کەسییەتی سزای کردووە و لە دەقی ماددەکە هاتووە: (لا جريمة ولا عقوبة الا بقانون ... والعقوبة شخصية).

سەبارەت بە دەستوری عێراقی ساڵی 2005، ئەوا لە ماددەی (19) بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا جەخت لەسەر پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دەکاتەوە لەرێگەی گەرەنتیکردنی بنەما سزاییەکان، هەروەك لە برگەی (8)ی ماددەی (19)دا هاتووە: (سزادان تاکە کەسییە). رێکخستن و دەقنووسکردنی ئەم بنەمایە زەمانێکە بۆ تاکەکان کە بەهۆی هەڵە و تاوانی کەسانی تر رووبەرووی سزا نەبنەوە، چونکە هەر تاکێك بەرپرسیاریەتی کردەوەکانی خۆی لە ئەستوو دەگرێت.

دوای خستنەڕووی هەڵوێستی دەستوری وڵاتان، پێشنیار دەکەین دەقی بنەمای کەسییەتی سزایی، بەم شێوە بۆ دەستوری هەرێمی کوردستان دەقنووس بکرێت: (سزادان کەسییە، ئازادیو شکۆمەندی مرۆڤ پارێزراوە، تۆمەتبار بە حوکمدراو دانانرێت تاکو دەرچوونی حوکمی سزایی کۆتایی و بنبڕ، ئامانج لە سزادان چاکسازی و بونیادنانەوەی کەسییەتی حوکمدراوە).

**باسی سێیەم**

**بنەمای دووبارە دادگاینەکردنی کەسەکان لەسەر هەمان کردار**

(مبدأ عدم جواز محاكمة الشخص عن ذات الفعل مرتين)

بنەمای دووجار دادگای نەکردنی کەسەکان لەسەر هەمان کرداری تاوانی، یەکێکە لەو بنەما بابەتی و شێوەییەکان کە لە یاسا سزادانی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیی جێبەجێ دەکرێت، چونکە پەیوەندی بە بەدیهێنانی دادپەروەری لە پرۆسەی دادگایکردن و پاراستنی مافەکانی تۆمەتبارەوە هەیە، هەر بۆیە لە زۆرێك لە رێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و دەستووری وڵاتان گەرەنتی کراوە، لەم باسەی توێژینەوە تیشك دەخەینەسەر مانا و چۆنیەتی رێکخستن و گەرەنتیکردنی ئەم بنەمایە لە دەستووری وڵاتاندا.

**تەوەری یەکەم: مانای بنەمای دووبارە دادگایی نەکردنی کەسەکان لەسەر هەمان کردار:**

مەبەست لەم بنەمایە بریتییە لە ئەنجام نەدان و دووبارە دادگای نەکردنی تۆمەتبار لەسەر هەمان کردار دوای دەرچوونی حوکمی سزایی کۆتایی دەرهەق بە کەسەکە جا حوکمە بە بێ تاوانی بێ یاخود حوکمی سزایی تاوانبارکردن بێت. هەروەها ئەم بنەمایە لەسەر ئەو حاڵەتەش جێبەجێ دەکرێت کاتێك کەسێك چەند تاوانێك ئەنجام دەدات بۆ یەك ئامانج کە گشت کرداره تاوانییەکان پەیوەندیان بە یەکتریەوە هەبێ (حسین، 2016).

ئەم بنەمایە ئەساسێکە بۆ هێزو حوجیەتی حوکمە سزاییەکان، بەوەی کاتێك کەسێك لە دادگایەکی سزایی حوکم دەدرێت ئەوا ئەم حوکمە سزاییە حوجیەتی هەیە و نابێت کەسەکە لەسەر هەمان کردار جارێکی تر دادگایی بکرێتەوە (حسین، 2018).

ئەم بنەمایە ریشەیەکی مێژووی هەیە و دەگەرێتەوە بۆ مێژووی یاسای رۆمانی کە یەکێك لە یاساکان دەقی لەسەر ئەم بنەمایە کردووە و ئاماژەی بەوە داوە کە پێویستە لەسەر دادوەر تۆمەتبارکردنی ئەو کەسانە رەت بکاتەوە کە پێشتر بێ تاوانیان بۆ دەرچووە لەسەر هەمان کردار (Sigler.1963).

**تەوەری دووەم: حیکمەت لە گەرەنتیکردنی بنەمای دووبارە دادگایی نەرکردنەوەی تۆمەتبار لە دەستووردا**

ئامانج رێکخستن و دەقنووسکردنی ئەم بنەمایە لە دەستووری وڵاتان بۆ چەند فاکتەرێك دەگەرێتەوە، لەوانە:

ئەم بنەمایە دەبێتە هۆکارێك بۆ هێنانەدی دادپەورەی و ئیستقرار لە کاروباری دادگەریدا، چونکە کاتێك کەسێك لە دادگایەك حوکمێکی سزای بەبێ تاوانی یاخود بە تاوانبارکردنی بۆ دەردەچێت، ئەوا بەهۆی ئەم بنەمایە رێگە دەگیرێت لە دووبارە دادگایکردنەوەی کەسەکە. بە تایبەتی لەو حاڵاتانەی کە کەسێك لە دەرەوەی وڵاتی خۆی و لە وڵاتێکی بیانی تاوانێك ئەنجام دەدات و دادگایی دەکرێت، دوای دەرچوونی حوکمی سزایی لەسەر کەسەکە، کاتێك دەگەرێتەوە وڵاتەکەی نابێت جارێکی تر لەسر هەمان تاوان دادگایی بکرێت پاڵپشت بەم بنەمایە.

دەقنووسکردنی ئەم بنەمایە دەبێتە هۆکارێك بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و پابەندبوون بە رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، لەو پەیماننامە و رێکەوتننامە نێودەوڵەتیانەش: پەیماننامەی نێودەولەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکانی ساڵی 1966، یاسای دادگای نۆرمبێرگی سەربازی نێودەوڵەتی ساڵی 1945 ، پەیرەوی ناوەخۆی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بە گوێرەی پەیماننامەی رۆمای ساڵی 2008، پەیماننامەی عەرەبی مافەکانی مرۆڤی ساڵی 2004.

گەرەنتیکردنی ئەم بنەمایە لە دەستوردا دەبێتە هۆکارێك بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و رێگەگرتن لە دادگا سزاییەکان بە دووبارە دادگایکردنەوەی تۆمەتبار لەسەر یەك کرداری تاوانی دوای دەرچوونی حوکمی سزایی کۆتایی.

**تەوەری سێیەم: رەنگدانەوەی بنەمای دووبارە دادگایی نەکردنی تۆمەتبار لەسەر هەمان کردار لە دەستوری وڵاتاندا**

سەرەرای ئەوەی بنەمای دووبارە دادگایی نەکردنی تاکەکان لەسەر یەك کرداری تاوانی بۆتە بنەمایەك لە بنەماکانی یاسا سزاییە نێودەوڵەتییەکان و لە پەیماننامەو رێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان دەقنووس کراوە، هاوکات وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ بنەماکانی یاسای نێودەڵەتی زۆربەی دەستورەکانی وڵاتان ئەم بنەمایان لە دەستورەکاندا رێکخستووە لە پێناو گەرەنتیکردنی مافەکانی مرۆڤ و هێنانەدی دادپەروەری.

دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای ساڵی 1789 و دواین هەمواری ساڵی 1992، لە هەمواری پێنجەمیدا کۆمەڵێك بنەمای سزایی زیادکردووە وەکو گەرەنتییەك بۆ پاراستنی مافەکانی تۆمەتبار لە قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەو دادگایکردندا، هەروەك لە دەقی دەستووردا هاتووە: (... رێگەپێدراو نییە هیچ کەسێك تۆمەتبار بکرێت لەسەر هەمان تاوان دووجار کە ژیانی یاخود ئەندامەکانی جەستەی رووبەرووی مەترسی بکاتەوە...).

هەروەها ماددەی (103)ی دەستوری ئەڵمانی ساڵی 1949 و دواین هەمواری ساڵی 2014 تەرخانکراوە بۆ رێکخستنی بنەماکانی دادگایکردنی دادپەروەرانە و لە بڕگەی سێیەمی ماددەکەدا هاتووە: (رێگەپێدراو نییە هیچ کەسێك سزا بدرێت زیاتر لە جارێك لەسەر هەمان کرداره تاوانییەکە بەگوێرەی یاسای جینائی گشتی).

زۆرێك لە وڵاتان لەرێگەی یاسا سزاییەکان و یاساکانی پەیوەست بە رێککارەکانی دادگایکردن ئەم بنەمایان رێکخستووە، لەوانە ماددەی (113-6) لە یاسای سزادانی فەرەنسی و ماددەی (3) لە یاسای سزایی و ماددەی (454)ی یاسای رێککارەکانی دادگایکردنی سزایی میصری دەقی لەسەر بنەمای دووبارە دادگاینەکردنی کەسەکان کردووە و دادگای دەستوری میصری لەرێگەی چەند حوکم و بریاریدا جەختی لەسەر جێبەجێکردنی ئەم بنەمایە کردۆتەوە، لەوانەش حوکمێکی دادگای باڵای دەستووری میصری لە دۆسییەی ژمارە (6)ی ساڵی 13 لە بەرواری 16_5_1992 کە تیایدا جەخت لەسەر دەستووریبوونی چەند بنەمایەکی سزای دەکاتەوە وەك: (أصل البراءة - افتراض البراءة - الحق في محاكمة منصفة - حق الدفاع - خضوع الدولة للقانون - عدم المعاقبة على الفعل الواحد أكثر من مرة - مبدأ المساواة).

هەروەها هەریەکە لە یاسادانەرانی ئوردنی و ئیماراتی لە یاسا سزاییەکان گەرەنتی ئەم بنەمایان کردووە وەك بنەمایەکی پەیوەست بە دادپەروەری سزایی، هەروەك لە ماددەی (58 بڕگەی 1) لە یاسای سزادانی ئوردنی ژمارە 16 ی ساڵی 1960ی هەموارکراو و ماددەی (268) لە یاسای رێککارە سزاییەکانی ئیماراتی ژمارە 35 ی ساڵی 1992 دەقی لەسەر کراوە (احجيلە، 2016).

سەبارەت بە دەستووری عێراقی ساڵی 2005، لە ماددەی (19) بڕگەی (پێنجەم) بەروونی ئاماژەی بە بنەمای دووبارە دادگاینەکردنی تۆمەتبار کردووە، بەڵام بەشێوەیەکی رەها بابەتەکەی یەکلایی نەکردۆتەوە بەڵکوو ئاماژەی بە حاڵەتێکی

ئیستسنائی کردووە کە بریتییە لە دەرکەوتنی بەڵگەی نوی لەسەر تۆمەتبارکردن، هەروەك لە دەقی ماددەکەدا هاتووە: (ولا يحاكم المتهم عن التهمة ذاتها مرة أخرى بعد الافراج عنه إلا اذا ظهرت ادلة جديدة)، واتە " تاوانبار دوای بەربوونی بە هەمان تاوانی پێشوو دادگایی ناکرێت تەنها مەگەر بەڵگەی نوێ سەرهەڵبدات".

هەندێ لە توێژەران ڕەخنە لە شێوازی ڕێکخستن و گەرەنتیکردنی بنەمای دووبارە دادگای نەکردنی تۆمەتبار دەگرن بەوەی کە ئەم ماددەیە دەستی دادگا دەکاتەوە هەر کاتێك بیەوێت بە تۆمەتی بوونی بەڵگەی نوێ دووبارەی کەسەکە دادگایی بکاتەوە، ڕەنگە ئەم بەڵگانە ماوەیەکی زەمەنیان بەسەردا تێپەرێت و هێزی یاسایین نەمێنێت، بۆیە گونجاو تر بوو ئەگەر دەقی ماددەکە بەشێوەیەك بهاتبا کە ڕێگری لە دووبارە سزا نەدانی تۆمەتبار بکردبا، چونکە ئەگەر بەهۆی بوونی هەندێ بەڵگە دووبارە کەسەکە تۆمەتبار بکرێتەوە، ئەوا دەستی دادگا کراوە دەبێت لە دووبارە سزادان (الجبوري، 2015).

سەبارەت بە جێبەجێکردنی ئەم بنەمایە لەلایەن دادگا سزاییەکان، دادگای تەمیزی ئیتحادی عێراق لە داوای ژمارە (145 / 2016) لە بەرواری 21 / 9 / 2008 بڕیارێکی دادگای جینائی مەرکەزی ڕەتکردۆتەوەی پاڵپشت بە بنەمای (لا يجوز قانونا مسائلة شخص عن الجريمة ذاتها أكثر من مرة) وەك بنەمایەکی گەرەنتیکراو لە دەستووری عێراقی ساڵی 2005.

دوای خستنەڕووی هەڵوێستی دەستور و یاساکانی وڵاتان، پێشنیار دەکەین دەقی بنەمای دووبارە دادگای نەکردنی تۆمەتبار بۆ دەستوری هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە دەقنووس بکرێت: (نابێت هەمان کەس لەسەر هەمان تۆمەت جارێکی تر دادگایی بکرێتەوە دوای دەرچوونی حوکم یان بڕیاری سزایی کۆتایی لەلایەن دادگای تایبەتمەندەوە).

**بەشی دووەم**

**بنەما سزاییە ڕێکارییەکان لە دەستوری وڵاتاندا**

ئەگەر دەقەکانی دەستوریی پەیوەندی نێوان دامەزراوەکانی دەوڵەت و پەیوەندی نێوان تاك و دەوڵەت ڕێکبخەن، ئەوا یاسا سزاییەکان پەیوەندی نێوان تاك و دەوڵەت ڕێکدەخەن، بۆیە پەیوەندییەکی بەهێزو تێکچێنراو لە نێوان دەستور و یاسای سزایدا هەیە، بە جۆرێك شەرعیەتی یاسای سزایی و هێزە یاساییەکەی لە دەقە دەستورییەکانەوە وەردەگرێت. بنەما دەستورییە ڕێکارییەکان کۆمەڵێك بنەمای پەیوەست بە پرۆسەی بەرێوەچوونی لێکۆڵینەوەو دادگایکردن و مافەکانی پەیوەست بە ژیانی تایبەتین. لەم بەشەی توێژینەوە تیشك دەخەینەسەر بەشێك لەو بنەمایانەی کە لە دەستوردا گەرەنتیکراون.

**باسی یەکەم**

**بنەمای بێتاوانی تۆمەتبار**

**مبدأ براءة المتهم**

**تەوەری یەکەم: ناساندنی بنەمای بێتاوانی مرۆڤ**

تاوانبارکردنی مرۆڤ بەبێ دادگاییکردنێکی دادپەروەرانە، کارێکە پێچەوانەی مافەکانی مرۆڤ و بنەما ئاینی و دەستوریی و یاساییەکانە، تەنانەت هۆکارێکە بۆ تێکدانی ئیستقراری کۆمەڵگە و نەهێشتنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی. بۆیە هەرچەندە ڕایگشتی لە دژی تۆمەتبار بێت جا چ بە بانگەشەی جەماوەر یاخود بەهۆی فشاری میدیاو ناوەندەکانی ڕاگەیاندنەوە، نابێت مرۆڤ وەك تاوانبار سەیر بکرێت، چونکە ئەو کارە کاریگەری لەسەر ناوبانگ و کەسایەتی تۆمەتبار دەبێت و حوکمی جەماوەری شوێنی دەرچوونی حوکمی دادوەر دەگرێتەوە، بەو مانایەی جەماوەر لە بری دادگا وەزیفەی دادگەری جێبەجێ دەکات. هەر بۆیە زۆربەی وڵاتان لە بنەما سەرەکییەکانی دەستوردا جەخت لەسەر پاراستن و گەرەنتیکردنی ئەم بنەمایە دەکەنەوە.

شارەزایانی بواری یاسای سزایی بنەمای بێتاوانی بەوە دەناسێنن کە لە بنەڕەتدا تۆمەتبار بێتاوانە لەو تۆمەتەی ئاراستەی کراوە، وەك گریمانەیەك کە ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت داداگا پێچەوانەی ئەو تۆمەتە بسەلمێنێت، ئەگەر دادوەر گومانی لە بەڵگەکانی تاوانبارکردن هەبوو ئەوا لە نێوان بێتاوانی و تاوانبارکردندا، پێویستە لەسەری حوکمی بێتاوانی بدات، چونکە گومان لە بەرژەوەندی تۆمەتبار تەفسیر دەکرێت و نابێت حوکمی سزایی لەسەر بنەمای شك و گومان دەربکرێت، بەڵکوو دەبێت لەسەر جەزم و یەقین بێت. (السبعاوي، 2017).

**تەوەری دووەم: حیکمەت لە ڕێکخستن و گەرەنتیکردنی بنەمای بێتاوانی تۆمەتبار**

1- گەرەنتیکردنی ئازادی تاکەکەسی تۆمەتبار: بنەمای بێتاوانی تۆمەتبار دەبێتە گەرەنتییەك بۆ پاراستنی ئازادی تاکەکەسی بەوەی پێویست دەکات لەسەر دەزگا دادوەریی و جێبەجێکارییەکانی دەوڵەت مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ تۆمەتبار بکەن و شکۆ و کەرامەتی بپارێزن بەبێ لەبەرچاوگرتنی تۆمەتی ئەنجامدانی هەر تاوانێك هەر چەندە تاوانەکە گەورەو مەترسیدار بێت. بۆیە مامەڵەکردن بەشێوازی نامرۆڤانە و دانەپاڵی تاوان پێش دەرچوونی حوکم دەبێتە هۆکاری نەمانی دادپەروەری و متمانە بە دادگا و پرۆسەی دادگەری (السعدي، 2007).

2- تەفسیرکردنی گومان لە بەرژەوەندی تۆمەتبار: یەکێك لە دەرەنجامەکانی بنەمای بێتاوانی تۆمەتبار بریتییە لە تەفسیرکردنی گومان لە بەڵگەکانی تاوانبارکردن لە بەرژەوەندی تۆمەتبار، چونکە لە ئەصلدا مرۆڤ بێتاوانە و نابێت لەسەر بنەمای شك و گومان حوکمی سزایی بەسەردا بسەپێنرێت. (سرور، 2002).

3- ڕێکخستنی بنەمای بێتاوانی مرۆڤ لە دەستووردا دەبێتە هۆکارێك بۆ پاراستنی شکۆ و کەرامەتی مرۆڤ و ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییەکانی، چونکە لەرێگەی ڕێسای دەستووریبوونی یاساکان، هەر کاتێك یاساییەك یاخود ڕێنماییەك یاخود بڕیارێکی دادگا پێچەوانەی ئەم بنەمایە دەرچێت ئەوا لەرێگەی پرۆسەی چاودێریکردنی یاساکان و تانەلێدان بە نادەستووریبوونی بڕیارەکان، ئەوا دەتوانرێت یاساکە و بڕیاری دادگا هەڵبوەشێنرێتەوە.

**تەوەری سێیەم: ڕەنگدانەوەی بنەمای بێتاوانی تۆمەتبار لە دەستوری وڵاتاندا**

بنەمای لە (بنەڕەتدا مرۆڤ بێتاوانە) بنەمایەکی نێودەوڵەتی و دەستورییە، بۆیە لە ڕێککەتنامەی مافەکانی مرۆڤی ساڵی 1948 دا بە گرنگییەوە دەقی لەسەر هاتووە هەروەك لە ماددەی 9 ڕێککەوتننامەکەدا ئەوە خراوەتەڕوو: (هەموو مرۆڤێك بێتاوانە تاکو تاوانباری دەسەلمێندرێت). هەورەها لە برگەی 1ی ماددەی 11 هاتووە: (هەر کەسێك تۆمەتبار بێت بە تاوانێك گریمانەی بێتاوانی دەکرێت تاکوو بەپێی یاسا و حوکمی دادگا و دادگاییکردنی ئاشکرا و دەستەبەرکردنی هەموو گەرەنتییەکی پێویست بۆ بەرگریکردن لەخۆی تاوانباربوونی دەسەلمێندرێت). هەروەك لە ڕێککەوتنی ئەورووپی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنچینەییەکانی ساڵی

1950 له برگەی 6 له ماددەی 6 هاتووە: (هەر کەسێکی تۆمەتبار بێت بە تاوانێك بێتاوانە تاکو بەپێی یاسا تاوانباری دەسەلمێندرێت). ئەم رێککەوتننامەیە بۆ وڵاتانی ئەوروپی وەك بەشێك له بنەماکانی دەستور هەژمار دەکرێت، بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی بنەمای بێتاوانی لە دەستورەکانیان دەقنووس نەکراوە، وەکو فەرەنسا، چونکە دادگای فەرەنسی پشت بەم رێککەوتننامیە دەبەست، چونکە رێکەوتننامەکە پێویستی کردووە لەسەر وڵاتانی ئەندام کە لەسەر ئاستی یاسای ناوخۆیی پێیەوە پابەند بن، بۆیە هەریەکە لە ئەنجومەنی دەستوری فەرەنسی و داداگای پێداچوونەوەو ئەنجوومەنی دەوڵەت خەختیان لەسەر پابەندبوونی ئەم بنەمایە کردۆتەوە. هەروەها جارنامەکانی مافەکانی مرۆڤی فەرەنسی ساڵی 1879 وەك بەشێکی جیانەکراوە لە دەستوری فەرەنسی لە ماددەی (9) جەخت لەسەر بنەمای بێتاوانی مرۆڤ دەکاتەوە و لە دەقی ماددەکەدا هاتووە: (هەموو مرۆڤێك بێ تاوانە تاکو ئەو کاتەی لەرێگەی یاساوە تاوانەکەی دەسەلمێنرێت، نابێت هیچ کەسێك بە هیچ جۆرێك ئازارو ئەشکەنجە بدرێت و نابێت سوکایەتی بە کەسایەتیەکەی بکرێت).

سەبارەت بە هەڵوێستی دەستوری وڵاتان لەبارەی شێوازو چۆنیەتی رێکخستنی بنەمای گریمانەی بێتاوانی مرۆڤ وەك گەرەنتییەك بۆ پاراستنی ماف و ئازادیی تاك، زۆربەی وڵاتانی دونیا لە دەستوردا دەقیان لەسەر ئەم بنەمایە کردۆتەوە، دەستوری سویسری ساڵی 1999و دواین هەمواری ساڵی 2014 ماددەی 32 ی تەرخانکردووە بۆ رێککارە جینائیەکان و لە برگەی یەکەمی ماددەکەدا هاتووە: (هەموو کەسێك بێتاوانە تاوەکو حوکمێکی جێبەجێکراوی لەسەر دەردەچێت). لە برگەی دووەمی هەمان ماددەی دەستووری سویسری و وەك گەرەنتییەك بۆ پاراستنی ئەم لەبەرامبەر دادگا سزاییەکان، ئەو مافەی بە تاکەکان داوە کە لە دادگا باڵاکان تانە لە حوکمی دادگا سزاییەکان بدەن.

هەروەها لە ماددەی 24 ی دەستووری ئیسپانی ساڵی 1978 ی دواین هەمواری ساڵی 2011 دا هاتووە: (...تۆمەتبار بۆی هەیە هەموو بەڵگەیەك بخاتەروو بۆ بەرگریکردنی لەخۆی و بۆی هەیە ئەو تۆمەتی ئاراستەکراوی رەت بکاتەوە، هەروەها مافی گریمانەی بێتاوانی هەیە). بەهەمان شێوە دەستوری ئیتاڵی ساڵی 1947 و دواین هەمواری 2012 بنەمای بێتاوانی مرۆڤی گەرەنتیکردووەو لە ماددەی 27 دا هاتووە: (بەرپرسیارییەتی سزایی کەسییە، تۆمەتبار بە تاوانبار دانانرێت تەنها دوای دەرچوونی حوکمی سزایی کۆتایی نەبێت، نابێت سزاکان دژی شکۆ و کەرامەتی مرۆڤ بێت، ئامانج لە سزادانیش چاکسازی و دووبارە گەڕاندنەوەی حوکمدراوە بۆ کۆمەڵگە).

سەبارەت بە دەستووری وڵاتانی عەرەبی، زۆربەی دەستوورەکان دەقیان لەسەر بنەمای بێتاوانی کردووە، هەروەك لە ماددەی (51)دا هاتووە: (کەرامەت مافی هەموو مرۆڤێکە، دەوڵەت پابەندە بە رێزگرتن و پارێزگاری لێکردنی). لە ماددەی (52)ی دەستووردا بەڕوونی ئاماژە بە بنەمایەی سزایی بابەتی دەکاتەوە و تیایدا هاتووە: (ئەشکەنجەدان بە هەموو شێوەکانیەوە، تاوانێکە بەسەر ناچێت). هەروەها لە ماددەی (96)دا یاسادانەری دەستووری جەخت لەسەر رێساو بنەمای بێتاوانی مرۆڤ دەکاتەوە بەوەی (تۆمەتبار بێتاوانە تاوەکو لەرێگەی دادگایەکی یاسایی دادپەروەرانە تۆتەمەکەی ساخ دەکرێتەوە، دەستەبەری مافی بەرگریکردنی تۆمەتبار لەخۆی گەرەنتی دەکرێت). هەروەها لە ماددەی 28 ی دەستووری ئیماراتی ساڵی 1971 و دواین هەمواری ساڵی 2009 دا هاتووە: (سزا کەسییە، تۆمەتبار بێتاوانە تاوەکو لە دادگایەکی یاسایی و دادپەروەرانە تۆمەتەکەی بەسەردا ساخدەکرێتەوە). لە ماددەی (39)ی دەستوری قەتەری ساڵی 2014دا هاتووە: (تۆمەتبار بێ تاوانە تاوەکو دادگا تۆمەتەکەی بەسەردا ساخدەکرێتەوەو لە پرۆسەیەکی دادگەری کە هەموو گەرەنتیەکی پێویستی بۆ بەرگریکردن لەخۆی بۆ دابینکرابێت).

سەبارەت بە دەستوری عێراق ساڵی 2005 ، یاسادانەری دەستوری بە ڕوون و ئاشکرا ددانی بە بنەمای بێتاوانی مرۆڤ ناوە، لە ماددەی 19 برگەی پێنجەمدا هاتووە: (تاوانبار بێتاوانە تاوەکو تاوانەکەی لەسەر دەسەلمێت لە دادگایەکی یاسایی دادپەروەردا...). بۆ جێبەجێکردن و گەرەنتیکردنی ئەم بنەمایە، دادگای دەستوری لە حوکمێکدا جەختی لەسەر پابەندبوونی دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەری بەم بنەمایە کردۆتەوە، هەروەك لە بڕیاری دادگای فیدراڵی ژمارە (10/اتحادی/2019) لە بەرواری 26-2-2019 بڕیاری لەسەر نادەستووریبوونی (قرار بعدم دستوريه) برگەی (2) لە ماددەی (5)ی بڕیاری ئەنجومەنی شۆڕشی هەڵوەشاوە ژمارە (76) ی ساڵی 1994 دا، لە برگەی سێیەمی بڕیاری دادگای فیدراڵی هاتووە: ئەم بڕیارەی ئەنجوومەنی شۆڕش پێچەوانەی برگەی پێنجەمی ماددەی (19)ی دەستوزری عێراقی ساڵی 2005 ە کە جەخت دەکاتەوە لەسەر پابەندبوون بە بنەمای بێتاوانی مرۆڤ و تیایدا هاتووە: (المتهم بريء حتى تثبت إدانته في محاكمة قانونية عادلة).

دوای خستنەڕووی هەڵویستی دەستووری وڵاتان، پێشنیار دەکەین گەرەنتیکردن و رێکخستنی بنەمای بێتاوانی مرۆڤ بەم شێوە بۆ دەستووری هەرێمی کوردستان دەقنووس بکرێت: (تۆمەتبار بێتاوانە تا ئەو کاتەی لە دادگایکردنێکی دادپەروەرانەو و گەرەنتیکراو بە گشت ئامرازەکانی بەرگریکردن لەخۆی، حوکمی سزایی کۆتایی دەرهەق دەردەچێت).

## باسی دووەم

## بنەماکانی پەیوەست بە پاراستنی ئازادی کەسی

## مبادئ المتعلقة بالحماية الحرية الشخصية

یەکێك لە کۆڵەگە گرنگەکانی سەقامگیری کۆمەڵایەتی و هێنانەدی دادپەروەری، بریتییە لە پاراستنی ئازادی تاکەکەسی و رێزگرتن لە تایبەتمەندییەکانی ژیانی تایبەتی مرۆڤ، گەرەنتیکردنی پاراستنی ئازادی تاکەکەسی و ژیانی تایبەتی تاکەکان رێخۆشدەکات بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی ناو یەك وڵات و کۆمەڵگاکەی، لەتەك دابینکردنی یەکسانی و دادپەروەری، ئەبێتە هۆی گەشەسەندن و نەشونمای کۆمەڵگەو پێشکەوتنی لەسەرجەم بوارەکاندا، بێگومان ئامانج لە دادپەروەری کۆمەڵایەتی، ڕەخساندن و دابینکردنی ژیانێکی سەقامگیرو شەرافەتمەندیە بۆ تەواوی هاوڵاتیانی وڵات، لەژێر سایە و سێبەری دەستور و یاساکاندا. لەم باسەی توێژینەوە بە خستنەڕووی هەڵویستی دەستوری وڵاتان بنەماکانی پەیوەست بە ئازادییە کەسییەکان دەخەینە ژێر لێکۆڵینەوە.

### تەوەری یەکەم: ناساندنی بنەمای ئازادییە کەسییەکان

لە دەقە یاسایی و دەستورییەکان پێناسەو ناساندنێکی دیاریکراو بۆ بنەمای پاراستنی ئازادی تاکەکەسی نەکراوە، بەڵام توێژەران بەشێوەیی جیاجیا لە بارەیەوە

دواون، هەندێ پێیان وایە بنەما ئازادیە کەسییەکان بریتییە لەوەی کە تاکەکەس توانای رەفتارکردن لە تەواوی کاروبارەکانی خۆیدا هەموو شتێکی پەیوەست بەخۆی ئەنجام بدات بکات، ئەمین بێت لە دەستدرێژی کردنە سەر خۆی یان سامانی یان پەناگەی یان هەر مافێك لە مافەکانی، بە مەرجێك لە رەفتارەکانی سنووری ئازادی کەسانی تر نەبەزێنێت. گرنگترین بنەما سزاییەکانی پەیوەست بە ئازادی کەسی بریتین لە (بنەمای مافی ژیانی تایبەتی، بنەمای مافی ئەمن و ئاسایشی تاك، بنەمای رێزگرتن لە نامە و پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان، بنەمای مافی نیشتەجێبوون و گواستنەوە (الدسوقي، 2009).

**یەکەم: بنەمای مافی ئەمن و گواستنەوە (مبدا حق الامن والتنقل)**

ئازادی تاکەکان لە هەستکردن بە ئەمن و ئاسایش و گواستنەوەی ئارامگە و نیشنگە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی بە مافە بنچینەییەکانی مرۆڤ دادەنرێن، کە بەهۆیانەوە مرۆڤ هەست بە ئۆقەرەیی دەکات بەبێ هەستکردن بە مەترسی و دڵەراوکێی. مەبەست لە مافی ئاسایش، دەکرێت بەو جۆرە پێناسە بکرێت، کە بریتییە لە پاراستنی سەلامەتی مرۆڤ و پارێزگاریکردنی تەواوی جەستەیی و ئەقلی و تەندروستی و دەستدرێژی نەکردنە سەری یان ئازارنەدانی جەستەیی و دەروونی. بەڵام مەبەست لە مافی گواستنەوە، بریتییە لە مافی ئەمین بوونی تاکەکان لە هاتن و چوون و مانەوەی لە هەر کوێیەك و لە هەر شوێنێك بییەوێت، ئەم مافانە وا دەخوازن کە تاکەکان دووچاری دەستدرێژی یان سنووردارکردن یان دەستگیرکردن نەبنەوە تەنها بەگوێرەی دەقەکانی یاسا نەبێت، هەروەها سەردەمی ئێستا کە بە سەردەمی جیهانگیری ناسراوە، بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا بۆتە بەشێکی گرنگ و پێویستی مرۆڤ، بۆیە پاراستنی زانیارییە کەسییەکانی وەك نامە و پەیوەندی تەلەفۆنیەکانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن وەك بەشێك گرنگی پاراستنی تایبەمەندیەتی کەسی دادەنرێن، چاودێریکردن و خستنەژێر کۆنترۆلی ئەم ئامێرانە زیان بە مافی سەلامەتی دەروونی مرۆڤ دەگەیەنێت، بۆیە زۆربەی وڵاتان لەرێگەی دەقە یاسایی و دەستوورییەکان گەرەنتی پاراستنی ئەم مافە دەکەن (سرور، 2002).

**دووەم: بنەمای پاراستنی ئازادی ماڵ و شوێنی نیشتەجێبوون و زانیاریی کەسی**

ماڵ و شوێنی نیشتەجێبوون بە پێویستییەکی گرنگی مانەوەی مرۆڤ دانراوە جا چ بە شێوەیەکی هەمیشەیی بێت یان کاتی کە تیایدا هەست بە حەسانەوەو ئۆقەرەیی دەکات، ماڵ و شوێنەکانی نیشتەجێبوون رێزلێگیراون، رێگەپێدراو نییە پێشێلکارییان بەرامبەردا بکرێت تەنها لە کاتی پێویست و یاسایی نەبێت، ئازادی ماڵ و نیشتەجێبوون پەیوەستن بە ژیانی تایبەتی خاوەنەکەی، بۆیە ماڵ و شوێنی نیشتەجێبوون ناونراوە، چونکە مرۆڤ تیایدا هەست ئەمن و ئارامی و دڵنەوایی دەکات لەگەڵ ئەندامەکانی خێزانەکەی دوور لە چاوی کەسانی تر و تیایدا بە ئازادی دەژیت بەبێ هیچ کۆتوبەند و بەربەستێك، بۆیە رێگپێدراو نییە ماڵی هیچ کەسێك بپشکێندرێت یان سیخوری و چاودێری بەسەر تایبەتمەندییە خێزانیەکان یان ئەو شوێنانە بکرێت کە زیان بە ئابرووی خێزان دەگەیەنن، تەنها لە حاڵەتی پێوست نەبێت و بەپێی ئەو رێکارانەی یاسا دیاریکردوون (الدسوقي، 2009).

**تەوەری دووەم: رەنگدانەوەی بنەماکانی پەیوەست بە پاراستنی ئازادییە کەسییەکان و ژیانی تایبەتی تاك لە دەستوری وڵاتاندا**

دەستوری زۆرێك لە وڵاتان لە دەروازەی تایبەت بە ماف و ئازادییە گشتییەکان دەقیان لەسەر پاراستنی ئازادییە کەسییەکان و مافی پارێزگاری لە پاراستنی ژیانی تایبەتی مرۆڤ کردووە، دەستوری سویسرای ساڵی 1999 و دواین ساڵی 2014 گەرەنتی پاراستنی مافەکانی پەیوەست بە ژیانی تایبەتی کردووەو بەشی یەکەمی دەستووری تایبەت کردووە بە مافە بنەڕەتییەکان و لە ماددەی (7) باسی پاراستنی شکۆی مرۆڤ دەکات و لە دەقی مادەکەدا هاتووە: (پێویستە رێز لە شکۆی مرۆڤ بگیرێت و بپارێزرێت). ماددەی (10) دەستووریش تەرخانکراوە بۆ مافی ژیان و ئازادی کەسی، لە بڕگەی یەکەمدا هاتووە: (هەموو مرۆڤێك مافی ژیانی تایبەتی هەیە). لە بڕگەی دووەمدا ئەوەی خستۆتەڕوو کە، هەموو مرۆڤێك مافی ئازادی کەسیی و تایبەتی هەیە لەڕووی سەلامەتی جەستەیی و دەروونی و ئازادی گواستنەوە). لە ماددەی (13)ی دەستووردا باسی پاراستنی تایبەتمەندییە کەسییەکان دەکات و لە بڕگەی یەکەمی ماددەکەدا هاتووە: (هەموو کەسێك مافی رێزگرتن لە ژیانی کەسیەتی خۆی و خێزانی و ماڵ و شوێنی نیشتەجێبوون نامەو پەیوەندییەکانی تەلەفۆنی هەیە). لە بڕگەی دووەمی هەمان ماددە گەرەنتی زانیاری کەسی کردووە و لە دەقی بڕگەکەدا هاتووە: (هەموو کەسێك مافی پارێزگاریکردنی زانیارییە کەسییەکانی هەیە). هەروەها ماددەی (24 و 25) دەستوور تەرخانکراوە بۆ مافی مانەوەو رۆیشتنە دەرەوەی وڵات و نیشتەجێبوون.

هەروەها دەستوری هۆڵەندی ساڵی 1815 و دواین هەمواری ساڵی 2008 لە بەشی یەکەم بنەماکانی پەیوەست بە ئازادییە کەسییەکان و ژیانی تایبەتی رێکخستووەو لە ماددەی (10) دەستووردا ئاماژەی بەوە کردووە کە هەموو تاکێك مافی رێزگرتن لە تایبەتمەندیەتی هەیە، لە بڕگەی دووەمیشدا هاتووە: (پێویستە لەسەر پەرلەمان یاسای تایبەت دەربکات بۆ پاراستنی تایبەتییەتی پەیوەست بە تۆماری دەنگی و بڵاوکردنەوەی زانیارییە کەسییەکان). لە ماددەی (11)ی دەستووردا گەرەنتی مافی پارێزگاریکردن لە شکۆی مرۆڤ کراوە. هەروەها لە ماددەی (12) باسی پارێزگاریکردن لە تایبەتمەندی شوێنی نیشتەجێبوون دەکات لە 3 بڕگەدا. لە بڕگەی یەکەمی ماددەی 12 دا هاتووە: (رێگەپێدراو نییە هیچ کەسێك بچێتە ماڵی کەسێك بەبێ رەزامەندی و ئیرادەی خاوەن ماڵ، جگە لەو حاڵەتانەی کە یاسا دیاریکردوون). لەبڕگەی دووەمی هەمان ماددە هاتووە: (مەرجە پێش چوونە ناو ماڵ، کەسەکان ئاگادار بکرێنەوەو هۆکارەکەی روون بکرێتەوە). هەروەها لە بڕگەی سێیەمدا هاتووە: (بە راپۆرتێکی نووسراو دەدرێتە خاوەن ماڵ و ئاگادار دەکرێتەوە ئەگەر هاتوو رێککارەکانی چوونەناو ماڵ پەیوەندی بەرژەوەندی دەوڵەت یاخود رێککارێکی تاوانییەوە هەبێت).

هەروەها دەستوری ئیتاڵی ساڵی 1947 و دواین هەمواری ساڵی 2012 ماددەکانی (14 و 15 و 16) ی تەرخانکردووە بۆ پاراستنی مافەکانی پەیوەست بە ژیانی تایبەتی تاکەکان و لە ماددەی (14) هاتووە: (شوێنی نیشتەجێبوون رێزلێگیراوەو نابێت پێشلێ بکرێت). لەبڕگەی دووەمی هەمان ماددەدا هاتووە: (هیچ رێکارێکی پشکنین و گەڕان و دەستبەسەرکردن پێی رێگەپێدراو نییە تەنها بەو حاڵەت و رێگایانە نەبێت کە هاوکۆکن لەگەڵ رێکارەکانی پاراستنی ئازادییە کەسییەکان). هەروەها لە ماددەی (15)ی دەستووردا هاتووە: (هەموو پەیوندییەکانی تەلەفۆنی و نامەکان نهێنین و نابێت ئازادییا پێشێل بکرێت، دەکرێت بەربەست بخرێتە بەردەم ئامێرەکانی پەیوەندیی تەنها بڕیاری هۆکاردار لەلایەن

دەسەڵاتی دادوەری و بەگوێرەی ئەو گەرەنتییانەی کە لە یاسادا هاتوون). سەبارەت بە مافی گواستنەوەو مانەوە، لە ماددەی (16)ی دەستووردا هاتووە: (هەموو هاوڵاتییەك مافی گواستنەوەو مانەوەی هەیە بە ئازادی و لەهەر بەشێکی خاکی نیشتیمان، لەگەڵ ڕێزگرتن لەو کۆتوبەندانەی کە یاسا بۆ بەرژەوەندی سەلامەتی و ئەمنی دادەیدەنێت و نابێت هیچ کۆتوبەندێك بە مەبەستی سیاسی دابنرێت). لەبڕگەی دووەمی هەمان ماددە مافی جێهێشتن و هاتنەناوەی داوە بە تاکەکان بەشێوەیەکی ئازاد و لەچوارچێوەی یاسا بەرکارەکانی ئیتاڵی.

بە هەمان شێوە دەستووری ئیسپانی ساڵی 1978 و دواین هەمواری ساڵی 2011 لە بەشی بەرایی دەستووردا گەرەنتی پاراستنی بنەمای ژیانی تایبەتی تاکەکان کردووە. لە ماددەی (17)ی دەستووری ئیسپانیا هاتووە: (هەموو کەسێك مافی ئەمن و ئازادی هەیە ، ڕێگەپێدراو نییە هیچ کەسێك لە ئازادی بێبەش بکرێت، تەنها لەو حاڵەتانە نەبێت کە یاسا دەقی لەسەر کردبێت). هەروەها لە ماددەی (18) دا هاتووە: (مافی کەرامەت و پارێزگاری سومعەی کەسی و خانەوادەیی پارێزراون). لە بڕگەی دووەمی هەمان ماددە هاتووە: (نابێت ڕێزی ماڵ و شوێنی نیشتەجێبوون بشکێندرێت و چوونە نێو ماڵ و شوێنی نیشتەجێبوون و پشکنینی ڕێگەپێدراو نییە تەنها بە مۆڵەتی خاوەن ماڵ یاخود بەگوێرەی بڕیاری دادوەری نەبێت لە حاڵەتی تاوانی بینراودا). لە بڕگەی سێیەمی ماددەکە گەرەنتی پەیوەندییە تەلەفۆنی و نهێنییەکان دەکات، بەوەی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان لە کاروباری تایبەتن و نابێت نهێبوونیان ئاشکرا بکرێت تەنها بە بڕیاری دادگا نەبێت. هەروەها لە ماددەی 19 ی دەستووردا ئەو مافە بە هاوڵاتیانی ئیسپانی دراوە کە بە ئازادی خۆیان شوێنی مانەوە و نیشتەجێبوون لە سەرانسەری وڵات دیاری بکەن.

سەبارەت بە هەڵوێستی دەستورەکانی وڵاتانی عەرەبی، هەر یەکە لە دەستوری میصری و ئیماراتی بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دەقیان لەسەر پاراستنی بنەمای ئازادییە کەسییەکان و ڕێزگرتن لە ژیانی تایبەتی تاکەکان کردووە، لە ماددەی (57)ی دەستوری میصری ساڵی 2014 گەرەنتی بنەمایەکی سزایی وەك مافی تایبەتیەتی (الحق فی الخصوصیة) دەکات و تیایدا هاتووە: ژیانی تایبەتی پارێزراوە، نابێت دەستی بۆ ببردرێت، نامە و پۆستی ئەلیکترۆنی و پەیوەندی تەلەفۆنی و هەر ئامرازێکی تری پەیوەندیکرن پارێزراون، نهێنیبوونیان دەستەبەرکراوە، ڕێگەپێدراو نییە دەستیان بەسەردا بگیردرێت یان چاودێری و بەدواداچوونی بۆ بکرێت تەنها بە فەرمانی دادگایی هۆکاردار نەبێت و، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو و لەو بارودۆخانە بێت کە یاسا دیاری کردبێت. هەروەها لە ماددەی (58) دا بنەمایەکی تری سزایی لە چوارچێوەی مافی کەسییەتی دەقنووسکراوەو کە بریتییە لە پارێزگاریکردنی لە ماڵ و شوێنی مانەوە و لە دەقی ماددەکەدا هاتووە: ماڵ ڕێزو شکۆی هەیە، جگە لە بارودۆخەکانی مەترسی و بەهانەوەچوون، ڕێگپێدراو نییە هیچ کەسێك بچێتە ناویانەوە، هەروەها ڕێگەپێدراو نییە کە بە زۆرەملێ بەربەستی بخرێتە پێش یاخود ڕابگیردرێت یاخود هاوڵاتیانی لە چونەناویانەوە بێبەش بکرێت، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

هەروەها دەستوری ئیماراتی ساڵی 1971 و دواین هەمواری ساڵی 2009 لە دەروازەی پەیوەست بە ماف و ئازادییە گشتییەکان کەفالەتی ئەم بنەمای کردووە، لە ماددەی (26) دا گەرەنتی پاراستنی ئازادی کەسی دەکات و لە دەقی ماددەکەدا هاتووە: ئازادی کەسی گەرەنتیکراوە بۆ هەموو هاوڵاتیان، ڕێگەپێدراو نییە هیچ کەسێك دەستگیر بکرێت یاخود بپشکنێرێت یاخود دەستبەسەر بکرێت تەنها بە گوێرەی یاسا نەبێت. هیچ کەسێك ڕووبەڕووی مامەڵەی منا مرۆڤانە ناکرێتەوە. ماددەی (29) ی دەستوور تایبەتکراوە بۆ ئازادی گواستنەوەو نیشتەجێبوون تیایدا هاتووە: ئازادی گواستنەوەو مانەوە لە چوارچێوەی یاسا بۆ هەموو هاوڵاتییەك گەرەنتیکراوە. هەروەها ماددەی (31) کەفالەتی پاراستنی ئازادی پەیوەندیی تەلەفۆن و نامە و زانیارییە کەسییەکان دەکات و لە دەقی ماددەکەدا هاتووە: (ئازادی بەرید و ئامرازەکانی پەیوەندی و نهێنیبوونیان گەرەنتیکراون بە گوێرەی یاسا). ماددەی (36) کەفالەتی پاراستنی ماڵ و شوێنی مانەوە دەکات و لە دەقی ماددەکەدا هاتووە: (ماڵ و شوێنەوە ڕێزلێگیراون، ڕێگەپێدراو نییە هیچ کەسێك بەبێ مۆڵەت بچێتە ناویەوە تەنها بە مۆڵەتی خاوەنەکەی یاخود بە گوێرەی ئەو حالاتانە نەبێت کە یاسا دیاریکردوون).

دەستوری عێراق ساڵی 2005 هاوشێوەی دەستوری وڵاتانی ئەوروپی و وڵاتانی عەرەبی لە دەروازەی تایبەت بە ماف و ئازادییەکان دەقی لەسەر بنەمای پەیوەست بە پاراستنی ئازادییە کەسییەکانی وەك مافی نیشتەجێبوون و گواستنەوەو پاراستنی ئامرازەکانی پەیوەندی و نهێنییەتی زانیارییە کەسییەکانی کردووە.

لە ماددەی (15)ی دەستوردا هاتووە: (هەموو تاکێک مافی ژیان و ئاسایش و ئازادی هەیەو نابێت لێیان بێبەش یان سنوردار بکرێت، تەنها بە پێی یاساو بەپشت بەستن بە بڕیاری دادگای تایبەتمەندەوە نەبێت). هەروەها ماددەی بڕگەی یەکەمی (17) دەقی لەسەر  تایبەمەندی کەسییەتی کردووە بەوەی: (هەر تاکێک مافی پاراستنی تایبەتمەندی کەسێتی خۆی هەیە بەو شێوەیەی کە ناتەبا نەبێت لەگەڵ مافی کەسانی دیکەو ئادابی گشتیدا). لە بڕگەی دووەمی هەمان ماددەکە گەرەنتی پاراستنی ماڵ و شوێنی نیشتەجێبوونی کردووەو لە دەقی بڕگەکەدا هاتووە: (ڕێزی ماڵ پارێزراوەو نابێت کەس بچێتە ناوی یان بپشکنرێ یان هەڵبکوترێتە سەری تەنها بە بڕیاری دادگاو بەپێی یاسا نەبێت). لە بارەی ڕێزگرتن لە ئازادی و شکۆی مرۆڤایەتی، لە ماددەی (37)دا هاتووە: (ئازادی و ڕێزی مرۆڤ پارێزراوە).

لەبارەی مافی نهێنیبوونی زانیارییە کەسییەکان و پاراستنی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن لە چاودێرکردنیان، ماددەی (40)ی دەستور گەرەنتی ئەم مافەی کردووە بەوەی: (ئازادی پەیوەندیکردن و ناردنی نامەی پۆستەیی و تەلەفۆنی و ئەلەکترۆنی و بروسکەو جۆرەکانی دیکە پارێزراوەو نابێت چاودێری بکرێت یان گوێی لێ بگیرێت یا ئاشکرا بکرێت تەنها لەبەر پێویستی یاسایی یان ئاسایش و بە پێی بڕیاری دادگا نەبێت).

مافی هاتووچۆ و نیشتەجێبوون وەك مافێکی پەیوەست بە ئازادیە کەسییەکان لە دەستوری عێراق کەفالەتکراون، هەر بۆیە لە ماددەی (44) و لەڕێگەی دوو بڕگەدا یاسادانەری دەستوری جەختی لەسەر پاراستنی ئەو ماە کردۆتەوە، لە بڕگەی یەکەمی ماددەکەدا هاتووە: (هەموو عێراقیەک مافی ئازادی هاتوچۆو گەشتکردن و نیشتەجێبوونی هەیە لە ناوەوەو دەرەوەی عێراق). بە هەمان شێوە لە بڕگەی دووەمدا هاتووە: (دەرکردن و دوورخستنەوەی عێراقی وبێبەشکردنی لە گەڕانەوە بۆ وڵات قەدەغەیە).

دوای خستنەڕووی هەڵوێستی دەستوری وڵاتان، پێشنیار دەکەین کە دەقە

دەستورییەکانی پەیوەست بە پاراستنی ئازادییە کەسییەکان و رێزگرتن لە ژیانی تایبەتیەتی بەم شێوەی خوارەوە لە دەستوری هەرێم فۆرمەڵە بکرێن:

هەموو کەسێك مافی رێزگرتن لە ژیانی تایبەتی و ئاسایش‌و ئازادی هەیە، نابێ کەس لەم مافانە بێبەش، یان سنوردار بکرێت، مەگەر بە پێی یاساو بە بڕیاری لایەنێکی دادوەری تایبەند بێت.

ماڵ و شوێنی نیشتەجێبوون یاخود ئەو شوێنانەی هاوشێوەی ئەون ڕێزیان لێدەگیرێت، وپێشێلکردن یان چوونە ناویان، پشکنین، یان چاودێریکردنیان رێگەپێدراو نییە، تەنیا لەو حاڵەتانەدا نەبێت کە یاسا دەستنیشانیکردوون.

ژیانی تایبەتی و نهێنییەکانی پارێزراون، نابێت دەستی بۆ ببردرێت و ئازادی پەیوەندیکردن و نامە و پۆستە و تەلەفۆن و ئامرازەکانی پەیوەندیکرنی ئەلیکترۆنی و هەموو جۆرە ئامێرێکی پەیوەندیکردن پارێزراون، نابێت چاودێریان بکرێت یان گوێی لێ بگێرێت یا ئاشکرا بکرێن، تەنها لەبەر پێویستی یاسایی یان ئاسایشی نەتەوەیی نەبێت و پاڵپشت بە بڕیاری دادگا نەبێت.

هەموو کوردێك مافی نیشتەجێبوون و مانەوەی هەیە لە سنووری هەرێمی کوردستان، مافی هاتووچۆ و گەشتکردن لە ناوەو دەرەوەی هەرێمی کوردستان گەرەنتیکراوە لە چوارچێوەی یاسادا.

## باسی سێیەم

## بنەماکانی پەیوەست بە پرۆسەی دادگایکردنی دادپەروەرانە

بیرمەندی فەرەنسی (مۆنتسکیۆ) لە کتێبی (رۆحی یاساکان)دا، پرۆسەی دادگایکردنی دادپەروەرانەو یەکسانی تاکەکان لە هەمبەر یاساو دامەزراوە دادوەرییەکان بە یەکێك لە تایبەتمەندی هەرە گرنگەکانی حوکمڕانی دەستوری و شارستانی وێنا دەکات، واتە لەم شێوە حوکمڕانییەدا هەموو کەس هەموو شتێکە، بە پێچەوانەی حوکمڕانی تۆتالیتاری کە هیچ کەس هیچ شتێك نییە (مۆنتسکیۆ، 2003). گەرەنتیکردنی مافەکانی پەیوەست بە پرۆسەی دادگایکردنی دادپەروەرانەو سەربەخۆیی دامەزراوەی دادوەری و بە سەنتەرکردنی دادگا بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەو ناکۆکییەکان و کەفالەتکردنی مافی بەرگری ڕەوا بە شاڕەگی هێنانەدی دادپەروەریی دادەنرێت.

### تەوەری یەکەم: ناساندنی بنەماکانی پەیوەست بە پرۆسەی دادگایکردنی دادپەروەرانە

بنەماکانی پەیوەست بە پرۆسەی دادگایکردن لە قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەو لە قۆناغی دادگایکردن کۆمەڵێك بنەمان کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤەوە هەیە، بوونی ئەم گەرەنتیانە لە پرۆسەی دادگایکردندا، بە یەکێك لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی دەوڵەتی قانوونی دادەنرێت کە ئاستی متمانەو هەستکردن بە ئەمن لەلایەن تاکەکان زیاد دەکات. لەم باسەی توێژینەوە تیشك دەخەینەسەر گرنگترین ئەم بنەمایانەو ڕەنگدانەوەیان لە دەستوری وڵاتاندا.

#### یەکەم: گەرەنتکردنی سەربەخۆیی دامەزراوە دادوەرییەکان

سەربەخۆیی دامەزراوەکانی دادوەری بە گرنگترین پرەنسیپی سیستەمی دیموکراسی ڕاستەقینە هەژمار دەکرێت، بەو مانایەی نەبوونی سەربەخۆیی دامەزراوە دادوەرییەکان دەبێتە فاکتەرێك بۆ حوکمڕانی گەندەڵ و دیکتاتۆری (حوسێن، 2017). چونکە نەبوونی سەربەخۆیی لە پرۆسەی دادگەریدا دەبێتە فاکتەرێك بۆ پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکانی تاك. دەستوەردان لە کاروباری دادگا و جیانەکردنەوەی دەسەڵاتی دادوەری لە دەسەڵاتەکانی تر کاریگەری نەرێنی لەسەر خودی دادگاو دادوەران دروست دەکات، بەمەش رۆحی دادپەروەری لەبار دەچێت، لە بارەی سەربەخۆیی دادگا و دادوەران فەیلسوفی یۆنانی " ئەفلاتۆن" دەڵێ :"بۆ گەل باشترە کە دادوەری باشیان هەبێت ئەگەر یاساکانیان خراپ بێت، وەك لەوەی یاسای باش و دادوەری فاسدیان هەبێت"(فاندربیلت، 1956). چونکە بە نەمانی سەربەخۆیی لەپرۆسەی دادوەریدا، سەرەنجام دادوەرانیش دەکەونە ژێر کاریگەری سیاسیەت و دەسەڵاتەکانی تر و بەمەش دامەزراوە دادوەرییەکان بەرەو گەندەڵی دەچن. هەر بۆیە لە زۆربەی دەستوری وڵاتاندا دەسەڵاتی دادوەری وەك دەسەڵاتێکی سەربەخۆ دەناسێنرێت و پاڵپشت بە پرەنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، رێگە لە دەستوەردانی دەسەڵاتەکانی تر دەگیرێت، ئەمەش وەك گەرەنتییەك بۆ بەدیهێنانی سەقامگیری و پاراستنی ماف و ئازادی تاکەکان.

#### دووەم: گەرەنتی مافی پەنابردنە بەر دادگا

پەنا بردنەبەر دادگا بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکی و کێشەو گرفتەکان بە یەکێك لە سیما بەرچاوەکانی دەوڵەتی قانوونی دادەنرێت، بە پێچەوانەشەوە چارەسەرکردنی کێشەو ناکۆکییەکان لە رێگەی دەزگا سیاسی و حزبیەکان و دیوەخانی خێل و عەشیرەتگەری، بە سیمایەکی بەرچاوی سیستەمی فیودالی و دونیای دواکەوتووی هەژمار دەکرێت. هەر بۆیە زۆربەی دەستوری وڵاتان تۆمارکردنی داوا و سکاڵای یاسایی لەرێگەی دادگاوە بە مافێکی بنەچەیی هەژمار دەکەن وەرگرتنەوەی مافەکان و هێنانەدی دادپەوەری لەرێگەی دەزگا دادوەرییەکانەوە گەرەنتی دەکەن (شنتە، 2019).

#### سێیەم: گەرەنتیکردنی مافی بەرگریکردنی ڕەوا و دابینکردنی پارێزەر

مافی بەرگری ڕەوا، یەکێکە لە مافە بنەرەتییەکانی تۆمەتبار لە پرۆسەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی یاسایی و دادگایکردن، بۆیە دەقە ئاینییەکان و یاساو دەستووری زۆرێك لە وڵاتان ئەم مافەیان بە تەمەتبار بەخشیوە تاوەکو لەرێگەی هێنانەوەی بەڵگەی یاسایی بەرگری لەخۆی بکات، چونکە مافی بەرگری دەبێتە هۆی کۆڵەگەیەکی گرنگی بەدیهێنانی دادگایەکی دادپەروەرانە (بولیحة، 2008).

بۆ هێنانەدی دادپەروەری، پێویستە تۆمەتبار لەلایەن دادگایەکی سەربەخۆوە دادگایی بکرێت و تۆمەتەکەی ئاراستە بکرێ، هەروەها پرۆسەی دادگایکردن بەشێوەیەکی ئاشکرا بێت و هەموو ئامرازەکانی بەرگری وەك هێنانەوەی بەڵگەو رەتکردنەوەی تۆمەتەکان بۆ تۆمەتبار فەراهەم بکرێت، بۆیە یەکێك لە مەرجەکانی هاتنەدی دادپەروەری بریتییە لە مافی تۆمەتبار لە بەرگری کردن لەخۆی لەرێگەی پارێزەرەوە، واتە پێویستە لەسەر دادگا لە گشت قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەو دادگایکردن ڕەچاوی ئەم مافەی تۆمەتبار بکات، هەتا ئەگەر بێتوو تۆمەتبار توانای دابینکردنی پارێزەری نەبێت، ئەوا پێویست دەکات دەوڵەت لەسەر ئەرکی خۆی پارێزەر بۆ تۆمەتبار دابین بکات، هەر بۆیە ئەنجامدانی هەر رێکارێکی یاسایی لە دژی تۆمەتبار لە قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەو دادگایکردن بەبێ پارێزەر، ئەوا بریار و حوکمەکانی دادگا بە پوچەڵ دادەنرێن (مؤمن، 2013).

### تەوەری دووەم: ڕەنگدانەوە بنەماکانی پەیوەست بە پرۆسەی دادگایکردنی دادپەروەرانە

گرنگترین بنەماکانی پەیوەست بە پرۆسەی دادگایکردنی دادپەروەرانە لە دەستوری وڵاتاندا خۆیان دەبیننەوە لە بنەماکانی وەك ئەنجامدانی مامەڵەی مرۆڤانەو دوور لە ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی لە کاتی لێکۆڵینەوەو دادگایکردن، بنەمای مافی پەنا بردنە بەر دادگاو سکاڵا تۆمارکردن و تانەلێدان لە بڕیار و حوکمی دادگاکان، بنەمای ئەنجامدانی پرۆسەی دادگایکردن بە ئاشکرا جگە لە حاڵەتە ئیستسنائییەکان، بنەمای مافی بەرگری لەخۆکردنی تۆمەتبار بە گشت ئامرازەکانی وەك بەڵگەهێنانەوەو بێدەنگبوون (حق الصمت) و دابینکردنی پارێزەر. گەرەنتیکردنی ئەم بنەمایانە لە دەستوردا دەبێتە فاکتەرێك بۆ هێنانەدی دادپەروەری و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، بۆیە زۆربەی دەستورەکان لە دەروازەی تایبەت بە مافە گشتییەکان زەمانەتی هێنانەدی و پاراستنی ئەم مافانە دەکەن.

لە هەمواری چوارەم و پێنجەمی دەستووری ئەمریکی ساڵی 1789 بنەماکانی پەیوەست بە پرۆسەی دادگایکردن خستۆتەڕوو، لە هەمواری پێنجەمدا هاتووە:(نابێت هیچ کەسێك دەستەبەسەر بکرێت و لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێت تەنها بە بڕیاری تۆمەتبارکردنی دادگایی نەبێت... هەروەها نابێت زۆری لە هیچ کەسێك بکرێت بەوەی ببێتە گەواهیدەر لە داوای سزایی لە دژی خۆی).

لە هەمواری شەشەمی دەستووردا گەرەنتی مافی بەرگری ڕەوای بۆ تۆمەتبار فەراهەم کردووە و لەدەقی ماددەکەدا هاتووە: (لە گشت دادگای سزاییدا، تۆمەتبار مافی دادگایکردنی هەیە بەشێوەی خێراو ئاشکرا...، هەروەها مافی زانینی جۆری تۆمەتەکە و هۆکاری تۆمەتبارکردنی و ئەو شاهێدیان لە دژی دەردرێن هەیە، هەروەها مافی بەرگری کردن لەخۆی هەیە لەرێگەی دابینکردنی پارێزەر).

دەستووری سویسری ساڵی 1999 و دواین هەمواری ساڵی 2014 لە ماددەی 28 دا دەقی لەسەر گەرەنتیکردنی ئەم بنەمایانە کردووەو لە بڕگەی یەکەمی ماددەکەدا هاتووە: (هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە مامەڵەیەکی دادپەروەرانەی لەگەڵدا بکرێت لە کاتی ئەنجامدانی ڕێککاری دادگایی و کارگێری و لە ماوەیەکی گونجاودا حوکمی سزایی لەبارەیەوە دەربچێت).

لە بڕگەی سێیەمی هەمان ماددەدا باسی دابینکردنی پارێزەر دەکات بەوەی هەر کەسێك ئیمکانیەتی ماددی نەبێ بۆ دابینکردنی پارێزەر، ئەوا مافی ئەوەی هەیە داوای هاریکاری دادوەری بکات و پارێزەری بۆ دابین بکرێت.

ماددەی 29 دەستوور باسی گەرەنتییەکانی پەنابردنەبەر دادگا دەکات و لە دەقی ماددەکەدا هاتووە: (لە ناکۆکییە یاساییەکان، هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە کەیسەکە بخاتە بەردەم دەسەڵاتی دادوەری...). هەروەها لە ماددەی 30 دا مافی پەناردنە بەر دادگایەکی دادپەروەرانەو بێ لایەن و سەربەخۆ گەرنتیکراوەو پێکهێنانی دادگای ئیستسنائی قەدەغەکراوە.

سەبارەت بە داوا و مافی مەدەنی و پەنابردنە بەر دادگا مەدەنییەکان، لە برگەی دووەمی ماددەی 30 دا هاتووە : هەر کەسێك داوای مەدەنی لە دژی بەرز بکرێتەوە، مافی ئەوەی هەیە لە دادگای شوێنی نیشتەجێبوونی دادبینی ئەنجام بدرێت، جگە لەو بارودۆخانە نەبێت کە یاسا دیاریکردوون. سەبارەت بە بنەمای ئاشکرایی لە پرۆسەی دادگایکردندا، برگەی سێیەمی ماددە 3- دەقی لەسەر ئاشکرایی دادبینی کردووە، بەوەی : (دانشتنەکانی دادبینی بە ئاشکرا ئەنجام دەدرێن و حوکمەکە ڕادەگەیەنرێت، جگە لەو بارودۆخە ڕێزپەریانە نەبێت کە یاسا دیاریکردوون).

هەروەها دەستووری ئیتاڵی ساڵی 1947 و دواین هەمواری ساڵی 2012 دەروازەی چوارەمی دەستووری تەرخانکردووە بۆ بنەماکانی پەیوەست بە پرۆسەی دادگایکردنی دادپەروەرانە، لە ماددەی 104 دا دەسەڵاتی دادوەری وەك دەسەڵاتێکی سەربەخۆ ناساندنەوەو ماددەی 109 ی دەستوور وەك گەرەنتییەك بۆ سەربەخۆی دەسەڵاتی دادوەری و جیاکردنەوەی دەسەڵاتی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، دەسەڵاتی دادوەری هێزی پۆلیسی تایبەتی دەبێت و کە وەزیفیان تایبەت دەبێ بە کاروباری دادوەری. هەروەها ماددەی 111 ی دەستوور باسی مافەکانی تۆمەتبار دەکات لە ئەنجامدانی ڕێککاری یاسایی، بەوەی پێویستە لە ڕێککارە سزاییەکان بە زووترین کات تۆمەتبار بەشێوەیەکی نهێنی لە تۆمەتەکەی ئاگادار بکرێتەوەو هەموو جۆرە ئامرازێکی بەرگری لەخۆکۆدنی بۆ دابین بکرێت، هەروەها تۆمەتبار مافی دابینکردنی وەرگێری هەیە ئەگەر بێتوو شارەزایی لە زمانی ڕێککارەکانی دادگای نەبێت. سەبارەت بە بەرزرکردنەوەی داوا لە مافە گشتییەکان، لە ماددەی 112 دا واجبکردووە لەسەر داواکاری گشتی دۆسیە جینائیەکان بجولێنێت و بەرزیان بکاتەوە بۆ دادگا.

لە نێوان دەستورەکانی وڵاتانی عەرەبی، دەستوری میصری ساڵی 2014 بە ڕوونی ئاماژەی بە چەند بنەمایەکی سزایی پەیوەست بە پرۆسەی دادگایکردن دەکات، لە ماددەی (54)ی دەستووردا بەڕوونی ئاماژە بە چەند بنەمایەکی سزایی تایبەت بە پاراستنی ئازادی تاکەکەسی دەکات و تیایدا هاتووە: ئازادی کەسی مافێکی سروشتییە، پارێزراون و نابێت پێشێل بکرێت، تەنها لە حاڵەتی تاوانی بینراو نەبێت، نابێت هیچ کەسێك دەستگیر بکرێت یاخود بپشکینرێت یاخود بەند بکرێت یاخود ئازادی سنووردار بکرێت تەنها بە فەرمانی دادگا بوونی هۆکارێکی پێویست نەبێت، پێویستە ئەو کەسەی ئازادی سنووردار دەکرێت بە پەلە ئاگادار بکرێتەوە بە نووسراو یاخود دەکرێت پەیوەندی بە خزمێکی یاخود پارێزەرەکەی بکرێت، لە کاتی سنووردارکردنی ئازادییەکەی لە ماوەی 24 کاتژمێر بخرێتە بەردەم دەسەڵاتی لێکۆڵینەوەو نابێت هیچ لێکۆڵینەوەیەکی لەگەڵ بکرێت بەبێ ئامادەبوونی پارێزەرەکەی، ئەگەر پارێزەری نەبوو ئەوا دەوڵەت بۆی دابین دەکات، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی هاریکاری بۆ ئەوانەی خاوەن پێداویستی تایبەتن بە گوێرەی ڕێککارە یاساییەکان. هەموو ئەو کەسانەی ئازادی خۆیان یاخود کەسێکی تریان سنووردار دەکرێت، مافی ناڕازیبوونیان هەیە لەبەرامبەر دادگاو دەبێ لە ماوەی یەك هەفتە وەڵامی ناڕازیبوونی بدرێتەوە بە پێچەوانەوە دەبێت ڕاستەوخۆ ئازاد بکرێت.

هەروەها بە یاسا بەندکردنی کاتی لەڕووی ماوەو هۆکارەکانی و حاڵەتەکانی قەرەبۆکردنەوەی بەندکراوانی کاتی لەلایەن دەوڵەت ڕێکدەخرێت. لە هەموو حاڵەتێکدا، ڕێگەپێدراو نییە بەبێ پارێزەر یاخود پارێزەری ئینتیداب تۆمەتبار دادگایی بکرێت لەو تاوانانەی کە سزایان بەندکردنە. لە ماددەی (55)ی دەستوری میصری ساڵی 2014 گەرەنتی پارێزگاریکردن لە بنەمای ئازادییەکانی تاك دەکات و تیایدا هاتووە: هەر کەسێك دەستگیر بکرێت یاخود بەند بکرێت یاخود ئازادی سنووردار بکرێت، پێویستە بەجۆرێك مامەڵەی لەگەڵ بکرێت کە شکۆو کەرامەتی بپارێزرێت، ڕێگەپێدراو نییە کە ئازار و ئەشکەنجە بدرێت ، نابێت دووچاری زۆر لێکردن و ئازاری جەستەیی و مەعنەوی بکرێتەوە، نابێت لە

شوێنێك دەستەبەر بكرێت یاخود بەند بكرێت تەنها لەو شوێنانە نەبێت كە تایبەتن بە بەندكردن و دەبێت شوێنەكە لەڕووی مرۆڤایەتی و تەندروستییە شیاو و گونجاو بێت، هەروەها دەوڵەت پابەندە بە دابینكردنی شوێنی گونجاو بۆ كەسانی خاوەن پێداویستییە تایبەتییەكان. لە ماددەی (94)ی دەستووردا هاتووە كە دەوڵەت پارێزگاری لە تاوانلێكراو و گەواهیدەرەكان و هەواڵدەرەكان بۆ كاتی دادگایی دابین دەكات بە گوێرەی یاسا.

سەبارەت بە دەستوری عێراق ساڵی 2005، ماددەی (19)ی تەرخانكردووە بۆ هەندێك بنەمای سزایی تایبەت بە سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و پرۆسەی دادگایكردنی دادپەروەرانە،

لە بڕگەی یەكەمی ماددەكەدا هاتووە: (دادگا سەربەخۆیەو هیچ دەسەڵاتێكی بەسەرەوە نیە جگە لە یاسا). لە بڕگەی سێیەمدا پەنابردنەبەر دادگای وەك مافێك فەراهەم كردووەو لە دەقی بڕگەكەدا هاتووە: (پەنا بردنە بەر دادگا مافێكی پارێزراوەو دابینكراوە بۆ هەمووو كەسێك).

سەبارەت بە مافی بە فەراهەمكردنی مافی بەرگری لەخۆردنی تۆمەتبار، بڕگەی چوارەم گەرەنتی مافی بەرگریكردنی كردووە لە قۆناغەكانی لێكۆڵینەوەو دادگایكردن، لە دەقی بڕگەكەدا هاتووە:(مافی بەرگری كردن پیرۆزەو دابینكراوە لە هەموو قۆناغەكانی لێكۆڵینەوەو دادگاییكردندا). بڕگەی یازدەمی هەمان ماددە مافی دابینكردنی پارێزەر بۆ تۆمەتبار فەراهەم دەكات ئەگەر تۆمەتبار پارێزەری نەبێت كە تیایدا هاتووە: (دادگا پارێزەرێك بۆ بەرگری لە تۆمەتبار یان كەتنكەر تەرخان دەكات لەسەر بودجەی دەوڵەت بۆ ئەو كەسەی كە پارێزەری نیە بەرگری لێبكات).

لە بڕگەی شەشەمدا جەخت دەكاتەوە لەسەر ئەنجامدانی مامەڵەی مرۆڤانەو دوور لە توندوتیژی لەكاتی ئەنجامدانی رێكارە سزایی و كارگێڕییەكان و لە دەقی بڕگەدا هاتووە: (هەموو كەس مافی ئەوەی هەیە بە دادپەروەری مامەڵەی لەگەڵدا بكرێت لە كاتی گرتنەبەری ڕێوشوێنی دادگایی و كارگێڕی لەگەڵیدا).

بڕگەی حەوتەمی ماددەكە باس لە بنەمای بەڕێوەچوونی دادگایكردن دەكات بەشێوەی ئاشكرا بەمەبەستی بوونی شەفافیەت و هەستكردن بە ئەمن و دڵنایی لەلایەن تۆمەتبار، تەنها لەو حاڵەتانە نەبێت كە دادگا بە گرنگی بزانێت دادبینی بەنهێنی بێت، بۆیە لە دەقی بڕگەكەدا هاتووە: (دانیشتنی دادگاكان بە ئاشكرا ئەنجام دەدرێت، تەنها مەگەر دادگا بیەوێت نهێنی بێت).

دادگای دەستوری عێراق لە چەند بڕیارێكیدا جەخت لەسەر جێبەجێكردنی ئەم بنەمایانەی دەستور دەكاتەوە لە رێگەی پرۆسەی چاودێریكردنی دەستوریبوونی یاساكان و بەرزكردنەوەی داوای دەستوری بۆ دادگاكە، بۆیە لە خوارەوە ئاماژە بە چەند بڕیارێكی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق دەكەین سەبارەت بە گەرەنتیكردن و جێبەجێكردنی بنەما سزاییە دەستورییەكانی:

یەكەم: دادگای باڵای فیدراڵی عێراق (دادگای دەستووری) لە بەرواری 26-2-2019 بڕیاری ژمارە (10/فیدراڵی/2019)ی دەركردووە سەبارەت بە نادەستووریبوونی بڕگەی دووەمی ماددەی (5) لە بڕیاری ئەنجوومەنی شۆرشی هەڵوەشاوە رقم (76)ی ساڵی 1994 بەهۆی دژیەكبوونی لەگەڵ بڕگەی دووەمی ماددەی (5)ی دەستووری عێراق و پاڵپشت بەم هۆكارانەی خوارەوە:

1- ئەم بڕیارەی ئەنجوومەنی شۆرش پێچەوانەی ئەحكامەكانی دەستووریی عێراق ساڵی 2005 چونكە لە ماددەی 5 ی دەستوور گەرەنتی سەربەخۆی دەسەڵاتی دادوەری كردووە و لە بڕگەی یەكەمدا هاتووە: (دادگا سەربەخۆیەو هیچ دەسەڵاتێكی بەسەرەوە نیە جگە لە یاسا)و ماددەی (88) دەستوورە جەخت دەكاتەوە لەسەر سەربەخۆیی دادوەران و دەستێوەرنەدان لەكاروباری دادوەری. هەروەها بڕیاری ئەنجوومەنی شۆرش پێچەوانەی ماددەی (47)ی دەستووری عێراقیە، چونكە ماددەكە باس لە جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكانی یاسادانان و جێبەجێكردن و داداوەری دەكات.

2- بڕیاری ئەنجوومەنی شۆرش پێچەوانەی بنەماكانی پەیوەست بە مافەكانی مرۆڤ كە لە ماددەی (19) و ماددەی (37) بڕگەی یەكەمی دەستوری عێراقیدا گەرەنتیكراون.

دووەم: بڕیاری دادگای فیدراڵی بە ژمارە (32/فیدراڵی/ 2013) لە بەرواری 2013/5/6 سەبارەت بە نادەستوریبوونی بڕیاری ئەنجوومەنی شۆڕشی هەڵوەشاوە ژمارە 1246 ی ساڵی 1983 بەهۆكاری ئەوەی كە دەسەڵات دەداتە بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری كە تاكەكان دەستگیر بكات بەبێ بڕیاری دادگا، ئەم بڕیارەی ئەنجوومەنی شۆرش پێچەوانەی بنەماو ماددە دەستوورییەكانی پەیوەست بە مافەكانی مرۆ و سەربەخۆی دادگایە.

هەڵویست و بڕیارەكانی دادگای باڵای فیدراڵی لە عێراق هەوڵێكی گرنگن و جێگای پێزانین بۆ پارێزگاریكردن لە بنەماكانی دەستووری، چونكە دادگای دەستووری وەك دادگایەكی باڵاو چاودێر بەسەر دەسەڵات و دادگانی تر دەبێتە هۆكارێك بۆ كەمكردنەوەی پێشێلكارییە دەستوورییەكان و پاراستنی مافەكانی مرۆڤ.

دوای خستنەڕووی هەڵویستی دەستوری وڵاتان، پشنیار دەكەین بنەماكانی پەیوەست بە پرۆسەی دادگایكردنی دادپەروەرانە بۆ دەستوری هەرێمی كوردستان بەم شێوە دابڕێژرێت:

پەنا بردنەبەر دادگا، مافێكی پارێزراو و دەستەبەركراوە بۆ هەموو هاوڵاتیان.

هەموو كەسێك لەرێكاری دادوەری وكارگێریدا، مافی ئەوەی هەیە بە دادپەروەری رەفتاری لەگەڵدا بكرێتو نابێ رەفتاری خراپ یان بەكارهێنانی ئەشكەنجەی جەستەیی، دەروونی، یان هەڵسوكەوتی نامرۆڤانەی لەگەڵدا بەكاربێت.

دانپێدانانی بە زۆر یان بە هەرەشە یان بەهۆی ئەشكەنجەدانەوە یان بەڵێن پێدانو ترساندن، بە پووچەڵ دادەنرێت، زیانلێكەوتووش دەتوانێت داوای قەرەبووكردنەوەی ئەو زیانە جەستەیی و دەروونییە بكاتەوە كە لێی كەوتووەو رادەی ئەو قەرەبووكردنەوەیە بە پێی یاسا دیاردەكرێت.

لایەنی لێكۆڵینەوە دەبێ دۆسیەی لێكۆڵینەوەی سەرەتایی بخاتە بەردەم دادوەری تایبەتمەند لە ماوەیەكدا كە لەبیستو چوار كاتژمێر تێپەرنەكات لەو كاتەیەوە كەتۆمەتبار دەستگیر دەكرێت.

هیچ كەسێك بەبێ فەرمانی دادوەریی تایبەتمەند دەستگیر یان بەند یان زیندانی ناكرێت.

ئەو كەسەی دەستگیر دەكرێت دەستبەجێ دەبێ لە هۆكاری دەستگیر كردنەكەی ئاگاداربكرێتەوە، هەروەها دەبێت, یەكسەر لەو تۆمەتەی ئاراستەی دەكرێت، ئاگاداربكرێتەوە.

تۆمەتبار مافی بەرگریكردنی لەخۆی گەرەنتیكراوە بەگشت ئامرازەكانی بەرگری

یاسایی، نابێت پرۆسەی دادگایکردن بە بێ دابینکردنی پارێزەر لە قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەو دادگایکردن لە تاوانەکانی کەتن و جینایات بەرێوەبچێت. دادگا لەسەر خەرجی حکومەت لە هەردوو قۆناغی لێکۆڵینەوەو دادگاییکردندا، پارێزەرێك دادەنێت بۆ داکۆکی کردن لە تۆمەتبار ، ئەگەر تۆمەتبار پارێزەرێکی نەبێ داکۆکی لێبکات.

بەرێوەچوونی پرۆسەی دادبینی و دەرکردنی بڕیاری سزایی بە ئاشکرا دەبێت، تەنها لەو حاڵەتانە نەبێت کە دادگا بە نهێبوونی بە گرنگ و پێویست بزانێت.

**دەرەنجام و ڕاسپاردە**

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە دەگەینە چەند دەرەنجامێکی گشتی و خستنەڕووی چەند پێشنیارو ڕاسپاردەیەك دەخەینەڕوو:

**یەکەم: دەرەنجامەکان**

بنەما سزاییەکان لە دەستوری وڵاتان بوونەتە بنەمای جیهانی بەربڵاو و لە ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و دەستوری وڵاتان و یاسا سزاییە نێوخۆییەکان وەك گەرەنتییەك بۆ پاراستنی ماف و ئازادییە گشتییەکان دەقنووسکراون.

بنەما سزاییەکانی دەستوری بەهاو هێزی یاسایی ڕێسا دەستورییەکانی هەیە، بەجۆرێك نابێت هیچ یاساو ڕێنمایی و بڕیاری دادگا پێچەوانەی ئەم بنەمایانە دەربکرێن، بە پێچەوانەوە بە نادەستوری دادەنرێن.

دەستوری عێراقی ساڵی 2005 لە دەروازەی تایبەت بە ماف و ئازادییەکانی بنەما سزاییە دەستورییەکانی ڕێکخستووە وەك گەرەنتییەك بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، هاوکات دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی لە چەندین بڕیار جەخت لەسەر جێبەجێکردنی ئەم بنەمایانە دەکاتەوە لەرێگەی چاودێریکردنی دەستوریبوون و داوای دەستوری.

**دووەم: پێشنیار و ڕاسپاردە**

لەبارەی ڕێکخستن و گەرەنتیکردنی بنەمای بە قانوونیکردنی تاوان و سزا، پێشنیار دەکەین کە دەقی بنەماکە بەم شێوەیە بۆ دەستوری هەرێمی کوردستان دەقنووس بکرێت: (هیچ کەسێك تۆمەتبار ناکرێت تەنها بە دەقی یاسایی نەبێت، هیچ کردەوەیەك تاوان نییە و هیچ کەسێکیش بەر سزادان ناکەوێت ئەگەر لەکاتی ئەنجامدانیدا کردارەکە بە دەقی یاسایی بەتاوان دانەنرابێت، ڕێگەپێدراو نییە سزایەکی توندتر لەو سزایەی لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا بەرکارە، بەسەر تۆمەتباردا جێبەجێ بکرێت).

پێشنیار دەکەین دەقی بنەمای کەسییەتی سزایی، بەم شێوە بۆ دەستوری هەرێمی کوردستان دەقنووس بکرێت: (سزادان کەسییە، ئازادیو شکۆمەندی مرۆڤ پارێزراوە، تۆمەتبار بە حوکمدراو دانانرێت تاکو دەرچوونی حوکمی سزایی کۆتایی و بنبڕ، ئامانج لە سزادان چاکسازی و بونیادنانەوەی کەسییەتی حوکمدراوە).

پێشنیار دەکەین دەقی بنەمای دووبارە دادگای نەکردنی تۆمەتبار بۆ دەستوری هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە دەقنووس بکرێت: (نابێت هەمان کەس لەسەر هەمان تۆمەت جارێکی تر دادگایی بکرێتەوە دوای دەرچوونی حوکم یان بڕیاری سزایی کۆتایی لەلایەن دادگای تایبەتمەندەوە).

پێشنیار دەکەین گەرەنتیکردن و ڕێکخستنی بنەمای بێتاوانی مرۆڤ بەم شێوە بۆ دەستووری هەرێمی کوردستان دەقنووس بکرێت: (تۆمەتبار بێتاوانە تا ئەو کاتەی لە دادگایکردنێکی دادپەروەرانەو و گەرەنتیکراو بە گشت ئامرازەکانی بەرگریکردن لەخۆی، حوکمی سزایی کۆتایی دەرهەق دەردەچێت).

پێشنیار دەکەین کە دەقە دەستورییەکانی پەیوەست بە پاراستنی ئازادییە کەسییەکان و ڕێزگرتن لە ژیانی تایبەتیەتی بەم شێوەی خوارەوە لە دەستوری هەرێم فۆرمەڵە بکرێن:

هەموو کەسێك مافی ڕێزگرتن لە ژیانی تایبەتی و ئاسایشو ئازادی هەیە، نابێ کەس لەم مافانە بێبەش، یان سنوردار بکرێت، مەگەر بە پێی یاساو بە بڕیاری لایەنێکی دادوەری تایبەتمەند بێت.

ماڵ و شوێنی نیشتەجێبوون یاخود ئەو شوێنانەی هاوشێوەی ئەون ڕێزیان لێدەگیرێت، وپێشێلکردن یان چوونە ناویان، پشکنین، یان چاودێریکردنیان ڕێگەپێدراو نییە، تەنیا لەو حاڵەتانەدا نەبێت کە یاسا دەستنیشانیکردوون.

ژیانی تایبەتی و نهێنییەکانی پارێزراون، نابێت دەستی بۆ ببردرێت و ئازادی پەیوەندیکردن و نامە و پۆستە و تەلەفۆن و ئامرازەکانی پەیوەندیکرنی ئەلیکترۆنی و هەموو جۆرە ئامێرێکی پەیوەندیکردن پارێزراون، نابێت چاودێریان بکرێت یان گوێی لێ بگیرێت یا ئاشکرا بکرێن، تەنها لەبەر پێویستی یاسایی یان ئاسایشی نەتەوەیی نەبێت و پاڵپشت بە بڕیاری دادگا نەبێت.

هەموو کوردێك مافی نیشتەجێبوون و مانەوەی هەیە لە سنووری هەرێمی کوردستان، مافی هاتووچۆ و گەشتکردن لە ناوەو دەرەوەی هەرێمی کوردستان گەرەنتیکراوە لە چوارچێوەی یاسادا.

پشنیار دەکەین بنەماکانی پەیوەست بە پرۆسەی دادگایکردنی دادپەروەرانە بۆ دەستوری هەرێمی کوردستان بەم شێوە دابڕێژرێت:

پەنا بردنەبەر دادگا، مافێکی پارێزراو و دەستەبەرکراوە بۆ هەموو هاوڵاتیان.

هەموو کەسێك لەرێکاری دادوەری وکارگێریدا، مافی ئەوەی هەیە بە دادپەروەری ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێتو نابێ ڕەفتاری خراپ یان بەکارهێنانی ئەشکەنجەی جەستەیی، دەروونی، یان هەڵسوکەوتی نامرۆڤانەی لەگەڵدا بەکاربێت.

دانپێدانانی بە زۆر یان بە هەڕەشە یان بەهۆی ئەشکەنجەدانەوە یان بەڵێن پێدانو ترساندن، بە پووچەڵ دادەنرێت، زیانلێکەوتووش دەتوانێت داوای قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانە جەستەییو دەروونییە بکاتەوە کە لێی کەوتووەو ڕادەی ئەو قەرەبووکردنەوەیە بە پێی یاسا دیاردەکرێت.

لایەنی لێکۆڵینەوە دەبێ دۆسیەی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی بخاتە بەردەم دادوەری تایبەتمەند لە ماوەیەکدا کە لەبیستو چوار کاتژمێر تێپەڕنەکات لەو کاتەیەوە کەتۆمەتبار دەستگیر دەکرێت.

هیچ کەسێك بەبێ فەرمانی دادوەریی تایبەتمەند دەستگیر یان بەند یان زیندانی ناکرێت.

ئەو کەسەی دەستگیر دەکرێت دەستبەجێ دەبێ لە هۆکاری دەستگیر کردنەکەی ئاگاداربکرێتەوە، هەروەها دەبێت, یەکسەر لەو تۆمەتەی ئاراستەی دەکرێت، ئاگاداربکرێتەوە.

تۆمەتبار مافی بەرگریکردنی لەخۆی گەرەنتیکراوە بەگشت ئامرازەکانی بەرگری یاسایی، نابێت پرۆسەی دادگایکردن بە بێ دابینکردنی پارێزەر لە قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەو دادگایکردن لە تاوانەکانی کەتن و جینایات بەرێوەبچێت. دادگا لەسەر خەرجی حکومەت لە هەردوو قۆناغی لێکۆڵینەوەو دادگاییکردندا، پارێزەرێك دادەنێت بۆ داکۆکی کردن لە تۆمەتبار ، ئەگەر تۆمەتبار پارێزەرێکی نەبێ داکۆکی لێبکات.

بەرێوەچوونی پرۆسەی دادبینی و دەرکردنی بڕیاری سزایی بە ئاشکرا دەبێت، تەنها لەو حاڵەتانە نەبێت کە دادگا بە نهێبوونی بە گرنگ و پێویست بزانێت.

**لیستی سەرچاوەکان**

الجبيلە, ع. م., 2016. قوة الحكم الجزائي البات الصادر في واقعة قبل تفاقم نتيجتها أمام القضاء الجزائي: دراسة مقارنة بين التشريعين الأردني والإماراتي. مجلة

جامعة الشارقة للعلوم الشرعية والقانونية, العدد 2( المجلد 13).

بوليحة, ش.,. 2008. حق المتهم في الدفاع أمام القضاء الجنائي. مجلة منتدى القانوني55 Issue,

بيلت, أ. ف., بيروت - لبنان. روح العدالة، ترجمة الى العربي: ابراهيم خليل.. s.l.:s.n.

جبلی, ن.,. 2016. فكرة المبادئ فوق الدستورية. [Online]

الجبوري, د. م. ن. ع.,. 2015. الشرعية الدستورية للقانون الجنائي (دراسة مقارنة في الدستورين العراقي والبافاري). مجلة كلية القانون للعلوم القانونية والسياسية, 4(13), p. 248.

حسني، د. م. ن.، 1992. الدستور والقانون الجنائي. 2 المحرر القاهرة: دار النهضة العربية للنشر والتوزيع.

حسين, ح. م.,. 2018. الحكم الجزائي واثره على سير الدعوى الادراية الرابطة الوظيفية. الاول ed. القاهرة: مركز العربي للنشر والتوزيع.

حوسێن, ح. م.,. 2017. پرەنسیپە گشتییەکانی سیستەمی سیاسی. چاپی دووەم ed. سۆران: ئەحمەدی خانی.

الدسوقي, ا. ع.,. 2009. الحماية الموضوعية ولاجرائية لحقوق الانسان في مرحلة ما قبل المحاكمة. 1 ed. الاسكندرية - مصر: منشاة المعارف.

رجب على حسين, 2016. مبدأ عدم جواز محاكمة الشخص عن ذات الفعل مرتين في القانون الوطني والدولي الجنائي. مجلة جامعة تكريت للعلوم القانونية والسياسية, Volume 8, p. 106.

روسو, ج. ج.,. 2011. في العقد الاجتماعي أو مبادئ القانون السياسي. 2 ed. بيروت: مركز الدراسات العربية.

السبعاوي، د. م. خ. ا.، 2017. افتراض براءة المتهم. مجله جامعه تكريت للعلوم الانسانية، 9(14)، p. 421.

سرور، ا. ف.، 2002. القانون الجنائي الدستوري. 2 المحرر القاهرة: دار الشروق.

الشاوى, د. ح. خ. ،. د. ع.,. 2006. المبادئ العامة في قانون العقوبات. 1 ed. بغداد: المكتبة القانونية.

شنته, ع. ح.,. 2019. حق التقاضي. [Online] Available at: https://www.hjc.iq/view.3842/ [Accessed 18 8 2019].

عبدالرحمان, د. ش. ا. ن. ش. ص.,. 2018 . فكرة تدرج الشكلي للقواعد الدستورية (دراسة تحليلة في النظام الدستوري الفرنسي والعراقي. مجلة العلمية لجامعة جيهان - السليمانية, العدد 2 (المجلد 2), p. 189.

عبدالرحمان, د. ش. ا. ن. ش. ص.,كانون الاول 2018. : فكرة تدرج الشكلي للقواعد الدستورية (دراسة تحليلة في النظام الدستوري الفرنسي والعراقي. مجلة العلمية لجامعة جيهان - السليمانية , العدد 2 ( المجلد 2), p. 189.

فاندربيلت, أ.,. 1956. روح العدالة، الاهلية. بيروت: مؤسسة الاهلية.

قانع, هـ. و.,. 2009. سەدەکانی ناوەڕاست ، دادگاکانی پشکنین، شۆڕشی فەرەنسی. چاپی یەکەم ed. سلێمانی: ئارۆ.

المجالي, د. ن. ت.,. 2005. شرح قانون العقوبات – القسم العام. عمان - الاردن: دار الثقافة للنشر والتوزيع.

مصطفى, د. م. م.,. 1967. شرح قانون العقوبات ، القسم العام. (7) ed. القاهرة: دار النهضة العربية.

مومن, م.,. 2013. حق المتهم في الاستعانة بمحامي أثناء المحاكمة الجنائية. مجلة الاجتهاد القضائي - الجزائير, 8(13), p. 111.

مۆنتسکیۆ, 2003. رۆحی یاساکان. و. ئیدریس شێخ شەرەفی. سلێمانی: چاپخانەی شڤان.

الشافي، خ.ع.2010, المبادئ الجنائية الدستوريه فى النظام الحكم السياسي في المملكة العربية السعودية، اطروحه دكتوراه، جامعة نائيف/ الرياض.

السعدي، ر، ع،ح. 2007. ضمانات الحرية الشخصية للمتهم, أطروحة ماجستير قدمت إلى مجلس كلية الحقوق ــ جامعة النهرين.

ڕێککەتنامەی مافەکانی مرۆڤی ساڵی 1948

جارنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتیبوونی فەرەنسی کە لە 26 ی ئابی 1789

فەرەنسی لە دیباجەی دەستوری ساڵی 1958 و دواین هەمواری ساڵی 2008

دەستووری سویسری ساڵی 1999 و دواین هەمواری ساڵی 2014

دەستوری ئیتاڵی ساڵی 1947 و دواین هەمواری ساڵی 2012

دەستووری ئیسپانیای ساڵی 1987 و دواین هەمواری ساڵی 2011

دەستوری ئەڵمانی ساڵی 1949 و دواین هەمواری ساڵی 2014

دەستووری میصری ساڵی 2014

دەستووری ئیماراتی ساڵی ئیماراتی ساڵی 1971 و دواین هەمواری ساڵی 2009

دەستوری قەتەری ساڵی 2004

دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای ساڵی 1789 و دواین هەمواری ساڵی 1992

Aberes, D. D. V., n.d. Traite De Droit Criminel. s.l.:Vidal et Magnol Cours de droit Crimina.

Faroogh Salami, A. A. A., 2018. The principles of individualization of punishments and equality of punishments in Islam : The Islamic punishment law in Iran as a sample. malaysian journal of syarih and law, Volume vol7.

Harcourt, B. E., 2013. Beccaria's 'On Crimes and Punishments A Mirror on The History Of The Foundations Of Modern Criminal Law, chicago: The Law School The University of Chicago.

Sigler, J., 1963. History of Double Jeopard. , American journal of Legal History, 7(4.(

VABRES, D. D., 1947. Traite de droit criminal et de. paris: Legisislation penal Comparee.

Available at: https://harmoon.org/wp-content/uploads/2016/07/supra-constitutional-principles-idea.pdf